پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

# سیستمەکانی هەڵبژاردن
# و
## شێوازی دابەشکردنی کورسی

نوسینو ئامادەکردنی:
ئارام جەمال
د. دەرباز محەمەد

کانونی دووەم 2014




ناوی کتێب: سیستەمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی

نوسینی: ئارام جەمال (بەرێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE)

د. دەرباز محمد (دکتۆرا لەجوگرافیای هەڵبژاردن- زانکۆی سلێمانی)

چاپی یەکەم - سلێمانی 2014

تیراژ : 1500 دانە

دیزاین: ئارام لقمان ( 07701508253 )

چاپخانە: رەهەند

مافی لەچاپدانەوەی بۆ پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE پارێزراوە

ئەم کتێبە بەهاوکاری

رێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ی ئەمریکی

چاپکراوە

## ناوەڕۆک


زاراوەی سیستمەکانی هەڵبژاردن 6
- پێشەکی: 8
- هەڵبژاردن چییە؟ 10
- قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن کامانەن؟ 10
- رەگەزەکانی هەڵبژاردن کامانەن؟ 11
- سیستمی هەڵبژاردن چییە؟ 12
- لەکوێدا سیستمی هەڵبژاردن و رەگەزەکانی هەڵبژاردن بەیەکدەگەن؟ 12
- چەند سیستمی هەڵبژاردن لەجیهاندا پەیرەو دەکرێت؟ 12
- خێزانەکانی سیستمی هەڵبژاردن لەجیهاندا کامانەن؟ 13

* خێزانی یەکەم: سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە/ فرەیی: 15
یەکەم- 1: سیستمی براوەی یەکەم 15
یەکەم- 2: سیستمی دوو خولی 17
یەکەم- 3: سیستمی دەنگدانی قەوارە 20
یەکەم- 4: سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی 22
یەکەم- 5: سیستمی دەنگی ئەلتەرناتیڤ 24
یەکەم- 6: لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمی زۆرینە/ فرەیی 26
یەکەم- 7: لایەنە خراپ‌و نەرێنیەکانی سیستمی زۆرینە/ فرەیی 26

* خێزانی دووەم: سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی: 29
دووەم- 1: لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی: 30
- ناساندنی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی 30
- فۆرمەکانی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی: 30
- فۆرمی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی لەگەڵ بازنەی هەڵبژاردندا. 30
سیستمی نوێنەرایەتی تەواو 30
سیستمی نوێنەرایەتی نزیکەیی 30
- فۆرمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەگەڵ جۆری لیستەکاندا: 31
- لیستی داخراو. 31
- «کۆتا»ی ئافرەتان لە لیستی داخراودا 32
- "کۆتا"ی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە لیستی داخراودا 33

- لیستی کراوەی سنوردار (نیمچە کراوە) 34
- «کۆتا»ی ئافرەتان لە لیستی کراوەی سنورداردا 35
- «کۆتا»ی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە لیستی کراوەی سنورداردا 36
- لیستی کراوەی ئازاد 37

* شێوازەکانی دابەشکردنی کورسییەکان لە لیستی نوێنەرایەتی رێژەییدا: 38
1/ دابەشکردنی کورسییەکان بە دوو قۆناغ: 39
قۆناغی یەکەم: 40
- شێوازی (دابەشکاری هەڵبژاردن- القاسم الانتخابى) 40
- شێوازی (ژمارەی یەکخراو – العدد الموحد) 42
- شێوازی (کۆلکەی نیشتمانی- المعامل الوطني) 43
قۆناغی دووەم 45
- دابەشکردنی کورسی بەتاڵ بەشێوازی (زۆرترین دەنگی ماوە- الباقى الاقوى) 46
- دابەشکردنی کورسی بەتاڵ بەشێوازی (بەهێزترین تێکڕا- المعدل الاقوى) 48
2/ دابەشکردنی کورسییەکان بە یەک قۆناغ: 50
أ/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (هۆندت) 50
ب/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (سانت لیگۆ) 52
جـ/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (سانت لیگۆی هەموارکراو) 53
د/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (هارا) 54

دووەم-2 : سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە 56
- دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە 58
- لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە 60
- لایەنە خراپ‌و نەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە 61

دووەم- 3 : تایبەتمەندییەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی: 62
- لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی 62
- لایەنە خراپ‌و نەرێنیەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی 63

* خێزانی سێهەم: سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو: 65
سێهەم- 1 : سیستمی هاوتەریب 66
- کارتی دەنگدانو بژاردەکانی لەسیستمی هاوتەریبدا 66
- تەرخانکردنی کورسی لەسیستمی هاوتەریبدا 67
- لایەنە باشو ئەرێنیەکانی سیستمی هاوتەریب 71
- لایەنە خراپ و نەرێنیەکانی سیستمی هاوتەریب 72

سێهەم- 2 : سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو 74
- کارتی دەنگدانو بژاردەکانی لەسیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا 74
- جیاوازی نێوان سیستمی هاوتەریب لەگەڵ سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا 76
- تەرخانکردنی کورسی لەسیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا 77
- لایەنە باشو ئەرێنیەکانی سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو 78
- لایەنە خراپ و نەرێنیەکانی سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو 79

* خێزانی چوارەم: چەند سیستمێکی هەڵبژاردنی تر: 80
چوارەم- 1 : سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە 80
- لایەنە باشو ئەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە 81
- لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە 81
چوارەم- 2 : سیستمی دەنگدانی سنوردار 82
- لایەنە باشو ئەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی سنوردار 83
- لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی سنوردار 83
چوارەم- 3: سیستمی بۆردا 84
- لایەنە باشو ئەرێنیەکانی سیستمی بۆردا 86
- لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمی بۆردا 86

چەند پرس و بابەتێکی تایبەت بەهەڵبژاردن 87
- رێژەی بەربەستی هەڵبژاردنەکان 87
- پارتی سیاسیو سیستمی هەڵبژاردن 90
- بازنەی هەڵبژاردنو پێوەرەکانی 92
- بازنەی هەڵبژاردنو کێشەکانی: 93
یەکەم: مالاپۆرشنمێنت 93
دووەم: جیریماندەرینگ 94
- خشتەی دابەشبوونی سیستمەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتان و هەرێمەکانی جیهاندا 95
- سەرچاوەکان 103

## زاراوەی سیستمەکانی هەڵبژاردن

## Electoral Systems Glossary

| | |
|---|---|
| Election Law | یاسای هەڵبژاردن |
| Candidate | پاڵێوراو |
| Voter | دەنگدەر |
| Ballot Paper | کارتی دەنگدان |
| Vote Counting | ژماردنی دەنگ |
| Voters Registration | تۆمارکردنی دەنگدەران |
| Legal Framework | چێوەی یاسایی |
| Electoral Management Body (EMB) | دەستەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن |
| Constituency | بازنەی هەڵبژاردن |
| Electoral Systems | سیستمەکانی هەڵبژاردن |
| Plurality / Majoritarian Systems | سیستمی زۆرینە/ فرەیی |
| First Past The Post (FPTP) | سیستمی براوەی یەکەم |
| Two-Rounds System (TRS) | سیستمی دوو خولی |
| Block Vote (BV) | سیستمی دەنگدانی قەوارە |
| Party Block Vote (PBV) | سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی |
| Alternative Vote (AV) | سیستمی دەنگی ئەلتەرناتیڤ |
| Proportional Representation System (PR) | سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| List Proportional Representation (List PR) | لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| Closed List | لیستی داخراو |
| Open List | لیستی کراوەی سنوردار (نیمچە کراوە) |
| Free List | لیستی کراوەی ئازاد |
| Women Quota | «کۆتا»ی ئافرەتان |
| Minorities Quota | «کۆتا»ی پێکهاتە نەتەوەییەکان |
| Electoral Quota | دابەشکاری هەڵبژاردن |

| | |
|---|---|
| Largest Remainder Metho | شێوازی زۆرترین دەنگی ماوە |
| Highest Average Method | شێوازی بەهێزترین تێکڕا |
| D'Hondt Formula | شێوازی هۆندت |
| Sainte-Laguë Formula | شێوازی سانت لیگۆ |
| Modified Sainte-Laguë Formula | شێوازی سانت لیگۆی هەموارکراو |
| Hare Quota | شێوازی هارا |
| Single Transferable Vote (STV) | سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە |
| Mixed System | سیستمی تێکەڵاو |
| Paralell System | سیستمی هاوتەریب |
| Mixed Member Proportional (MMP) | سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو |
| Multi-Member District | بازنەی فرە نوێنەرایەتی |
| Single-Member District | بازنەی تاك نوێنەرایەتی |
| Single None Transferable Vote (SNTV) | سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە |
| Limit Vote (LV) | سیستمی دەنگدانی سنوردار |
| Borda Count (BC) | سیستمی بۆردا |
| Threshold | ڕێژەی بەربەست (نسبة الحسم) |
| Boundary Delimitation | دیاریکردنی سنوری بازنەی هەڵبژاردن |
| Political Entity | قەوارەی سیاسی |
| Preferential Voting | دەنگدانی بژاردەیی |
| Valid Voting | دەنگدانی دروست |
| Invalid Voting | دەنگدانی نادروست |
| By-Election | هەڵبژاردنی تەواوکار |
| Preliminary Result | ئەنجامی بەرایی |
| Final Result | ئەنجامی کۆتایی |
| Gerrymandering | ساختەکاری لەبازنەی هەڵبژاردندا |

# پێشەکی:

پرۆسەی هەڵبژاردن، بەرلەوەی سیستمێکی هەڵبژاردن بۆ هەر وڵاتو هەرێمێک دیاری بکات، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێت: (چیمان لەهەڵبژاردن دەوێت؟).

ئایا ئەوەمان لەهەڵبژاردن دەوێت، تا دیموکراسیەتێکی ئیستعرازیو رواڵەتئامێز بەرهەمبهێنرێت کە شەرعیەتێکی روکەش ببەخشێتە مانەوەی دەسەڵاتێک کە هەڵگری سروشتێکی هەمیشەییو شاقوڵیو نەگۆڕەو پێگە کۆمەڵایەتییە بەسیاسیکراوەکەی لەناو پێکهاتە وەستاوەکانی وەک (خێل، تیرە، مەزهەبو تایەفەو ئایین) یاخود لە (شەرعیەتی شۆڕشگێڕی)یەوە، هاتۆتەدەرو بەهۆی دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی هێزی دەوڵەتەوە، لەفۆرمی حیزبی قائیدو تاکحیزبی شمولیدا خۆیان بەسەر کایەی دەسەڵاتدا سەپاندووە.

یاخود فەلسەفەو ئامانجی هەڵبژاردن لەپێناو بچووککردنەوەو بێکاریگەرکردنی ئەو پێکهاتە هەمیشەییو شاقوولیانەیە لەناو بونیادی دەوڵەتداو جێگرتنەوەیانە بە پێکهاتەگەلێکی کاتیو ئاسۆییو گۆڕاو، کە خۆی لەپارتی سیاسی دیموکراسیو مۆدێرندا بەرجەستەدەکات.

بەپێی یەکلابوونەوەی روانینەکان بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە، سیستمی هەڵبژاردنیش دیاریدەکرێت. ئەگەر نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار، ئامانجی دیموکراسیانەی هەڵبژاردنیان خستە ئەولەویاتی کارەکانیەوە، لەوکاتەدا بەدوای سیستمێکی هەڵبژاردندا دەگەڕێن کە زەمینە برەخسێنێت بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتی سیاسی، پێچەوانەکەشی راستەو دەبێتە مایەی هێشتنەوەی نوخبەیەکی سیاسی هەمیشەیی لەسەر کورسی دەسەڵات.

کەواتە ئەگەر هەڵبژاردن دەروازەیەک بێت بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی، ئەوا سیستمی هەڵبژاردن رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەرەنگرێژکردنی ناوەرۆکو خەسڵەتو سیماکانی ئەو دەروازەیەو تەنانەت هەندێکجار، لەو ئەزموونانەی لەقۆناغی گواستنەوەدان بەرەو دیموکراسی، رۆڵو گرنگی سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتێک هیچی کەمتر نییە لەو رۆڵەی دەستوورەکەی دەیگێڕێت. هەربۆیە دەستنیشانکردنی جۆری سیستمی هەڵبژاردن مەسەلەیەکی سەرپێیو تەکنیکی نییە بەڵکو لەناوەرۆکدا پرسێکی سیاسییەو لەپاڵیدا کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویيو کەلتووریيو تەوافوقاتی سیاسی نێوان پارتە سیاسییەکان رۆڵی تێدادەگێڕن.

ئەم کتێبە، گەڕانێکە بەناو ئەندامانی خێزانی سیستمەکانی هەڵبژاردنو دەرخستنی لایەنی ئەرێنیو نەرێنی هەریەک لەو سیستمانەی هەڵبژاردن لەروانگەی ئاستی بەفیڕۆدانی دەنگو بەدیهێنانی عەدالەتی نوێنەرایەتی لەرێگەی نرخی کورسییەوە. ئامانجی ئەم کتێبە بۆ ناساندنی ئەو سیستمانەی هەڵبژاردنو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خوێنەری کوردە لەبارەی هەریەک لەو سیستمانەی هەڵبژاردن.

لەم کتێبەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی ئاسان ناوەرۆکی سیستمەکانی هەڵبژاردن بخرێنەڕوو، هاوکات بۆ هەریەکەیان، وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر، نموونەی گریمانەیی هێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەڕووی کردارییەوە لەمیکانیزمەکانی گۆڕینی دەنگی دروست بۆ کورسی بەشێوەیەکی باشتر تێبگات.

ئارام جەمال        د. دەرباز محمد

2014 - 1 - 3

## هەڵبژاردن چییە؟

هەڵبـژاردن ئامـرازی دەستنیشـانکردنی پاڵێوراوێـک یـان چەنـد پاڵێوراوێکە لەلایـەن دەنگـدەرەوە، بـۆ ئەنجومەنـە هەڵبژێـردراوەکان یـان سـەرۆکایەتی وڵاتو هەرێمـەکان، ئەمـەش بەپێـی چەنـد رێوشـوێنێکی یاسـاییو دەسـتوری بەرێوەدەچێـت.

## قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن کامانەن؟

هەڵبژاردن وەک پرۆسە، لەسێ قۆناغ پێکهاتووە:

یەکەم: قۆناغی بەر لەهەڵبژاردن

لـەم قۆناغـەدا چێوەیەکـی یاسـایی پەسـەندکراو بـۆ هەڵبـژاردن هەیـە، کـە سیسـتمی هەڵبـژاردن لەگرنگتریـن پێکهاتەکانیەتـی. پێویسـتە لـەم قۆناغـەدا لایەنـی سەرپەرشـتیاری پرۆسـەی هەڵبـژاردن  پێداویسـتییە لۆجسـتیو تەکنیکییـەکان بـۆ رۆژی هەڵبـژاردن دەسـتەبەربکات، لەگـەڵ تۆمارکردنـی قـەوارە سیاسـییەکانو پاڵێـوراوەکانو نوێکردنـەوەی تۆمـاری دەنگدەرانو هەڵمەتـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا.

دووەم: رۆژی هەڵبژاردن

رۆژی هەڵبـژاردن لـەو سـاتەوە دەسـتپێدەکات کـە یەکـەم کارتـی دەنگـدان دەخرێتـە نـاو سـندوقی دەنگدانـەوە هەتـا کاتـی داخسـتنی وێسـتگەکانی دەنگـدان بەئامانجـی جیاکردنـەوەو ژماردنـی دەنگـەکان.

سێیەم: قۆناغی دوای هەڵبژاردن

لەسـاتەوەختی هەڵرشـتنی کارتەکانـی دەنگدانـی نـاو سـندوقی دەنگدانـەوە دەسـتپێدەکات بـە مەبەسـتی جیاکردنـەوەو ژماردنیـان لەنـاو وێسـتگەکانی دەنگدانـدا تـا راگەیاندنـی ئەنجامـی بەرایـیو کۆتایـی هەڵبژاردنەکـە. ئـەم قۆناغـە، بـە درووێنـەی ئەنجامـەکانو دابەشـکردنی کورسـییەکان بەسـەر قـەوارە سیاسـییە رکابەرەکانـدا ناسـراوە کەدیـارە ئەویـش بەپێـی ئـەو سیسـتمی هەڵبژاردنـە دەبێـت کـە لەیاسـای هەڵبژاردنـدا هاتـووە.

قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن




## ڕەگەزەکانی هەڵبژاردن کامانەن؟

سەرەکیترین ڕەگەزەکانی هەڵبژاردن بریتین لە:

- <u>یاسای هەڵبژاردن:</u> چێوەیەکی یاساییە بۆ پابەندکردنی بکەرەکانی هەڵبژاردن بە ڕێکارەکانی هەڵبژاردنەوە لەگەڵ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنو سیستەمی هەڵبژاردنو بازنە/کانی هەڵبژاردن.
- <u>بکەرەکانی هەڵبژاردن:</u> هەموو هەڵبژاردنێک چەند بکەرێکی پێویستە، کە پێکهاتووە لە (دەنگدەران، پاڵێوراوان، قەوارەی سیاسی، بریکاری قەوارەی سیاسی، لایەنی سەرپەرشتو جێبەجێکاری هەڵبژاردن، چاودێرانی ناوخۆو بیانی، میدیاکاران، ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان).
- <u>پێداویستییە هونەری و لۆجستیکییەکان:</u> پێکهاتووە لە (ئامار، وێستگەو ناوەندەکانی دەنگدان، تۆماری دەنگدەران، سندوقی دەنگدان، کارتی دەنگدان، پەناگەی دەنگدان، مەرەکەبی دەنگدان، مۆری ئەلەکترۆنی، کارتی زیرەک...تاد )
- <u>دیزاینی هەڵبژاردن:</u> بریتییە لە شێوەی دابەشکردنی وڵات بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردنو ناوەندو وێستگەکانی دەنگداندا.

## سیستمی هەڵبژاردن چییە؟

لەسـادەترین پێناسـەیدا سیسـتمی هەڵبـژاردن بریتیـە لـە چۆنێتـی گۆڕینـی دەنگـە دروسـتەکان لەهەڵبژاردنـدا بـۆ کورسـی ئەنجومەنـە هەڵبژێـردراوەکان. واتـا بـەچ شـێوازێک دەنگـی هاوڵاتیـان دەکرێتـە کورسـی پارلەمـان، یـان ئەنجومەنـە لۆکاڵییـەکان، یـان سـەرۆکی وڵاتـانو هەرێمـەکان.

## لەکوێدا سیستمی هەڵبژاردن و رەگەزەکانی هەڵبژاردن بەیەکدەگەن؟

لەپێناسـەکردنەکەی سـەرەوەی سیسـتمی هەڵبژاردنـدا، سـێ رەگـەزی هەڵبـژاردن هاتـووە:

1/ قەبـارەی بازنـەی هەڵبـژاردن: مەبەسـت لەژمـارەی ئـەو کورسـی/ نوێنەرانەیـە کـە بـۆ بازنەیـەک تەرخاندەکرێـن.

2/ میکانیزمـی بردنـەوەی کورسـی: واتـە پاڵێـوراو بەپێـی چ شـێوازو میکانیزمێـک کورسـی دەباتـەوە؟

3/ شـێوەو پێکهاتـەی کارتـی دەنگـدان: مەبەسـت لـەو بژاردانەیـە کـە لەبـەردەم دەنگـدەردان بـۆ هەڵبژاردنـی پاڵێوراوەکـەی، جـا بـە یـەک بژاردە بێـت یـان زیاتـر، تـاک بێـت یـان لیسـتی حیزبـی.

## چەند سیستمی هەڵبژاردن لەجیهاندا پەیڕەو دەکرێت؟

توێژینەوەکانـی بـواری هەڵبـژاردن جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە لەجیهانـدا 12 سیسـتمی هەڵبـژاردن پەیڕەودەکرێـت. بەڵام هەر سیسـتمێکی هەڵبژاردنیـش، خـۆی لەخۆیـدا، لایەنـی بـاشو خراپـی هەیـە.

شـارەزایانی بـواری هەڵبـژاردن گەیشـتونەتە ئـەو بڕوایـەی کـە تاکـە سیسـتمێکی هەڵبـژاردن یـان تاکـە شـێوازێکی هەڵبـژاردن نیـە بـۆ هەمـوو وڵاتـان هاوشـێوەی یەکتـر شـیاو بێـت، بەڵکـو سیسـتمی هەڵبـژاردن بەرهەمـی بارودۆخـی مێژوویـی، سیاسـی، ئابـووریو کۆمەڵایەتییـەو لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر دەگۆڕێـت.

تەنانەت ئەو سیستمەی هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵگەیەک لەسەردەمێکی دیاریکراودا زۆر لەبارە، لەوانەیە گونجاو نەبێت بۆ هەمان کۆمەڵگە لەسەردەمێکی تردا. واتە سیستمە ناسراوو باوەکانی ئەزمونە دیموکراسییەکان، بە جیاوازی بارودۆخی دەوڵەتان دەگۆڕێت، بەشێوەیەک کە ناتوانین دوو سیستمی کتومت هاوشێوە، لەدوو دەوڵەتدا بدۆزینەوە.

کەواتە تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەیەک جۆرێک لەسیستمی هەڵبژاردن دێنێتە کایەوە، کەبەرەنجامی قۆناغە مێژووییەکانی ژیانی سیاسیو ئاستی گەشەسەندنی سیستمی سیاسیو کارگێڕییە.

## خێزانەکانی سیستمی هەڵبژاردن لەجیهاندا کامانەن ؟

ئەو 12 سیستمەی هەڵبژاردن، بەسەر 4 خێزانی سیستمی هەڵبژاردنی سەرەکیدا دابەشدەبن:

### خێزانی یەکەم: سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە/ فرەیی:

ئەم سیستمە لەڕووی مێژووییەوە لە کۆنترین سیستمەکانی هەڵبژاردنەو لە پێنج لقی جیاجیا پێکهاتووە کە بریتین لە:

- سیستمی براوەی یەکەم
- سیستمی دوو خولی
- سیستمی دەنگدانی قەوارە
- سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی
- سیستمی دەنگی ئەلتەرناتیڤ

* لەناو ئەم پێنج سیستمی هەڵبژاردنەی زۆرینەدا، سیستمی براوەی یەکەمو سیستمی دوو خولی زۆر زیاتر لەوانی تر لەجیهاندا پیادەدەکرێن.

## خێزانی دووەم: سیستەمی هەڵبژاردنی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی:

ئەم خێزانە خاوەنی دوو سیستەمی هەڵبژاردنە:

- لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی
- سیستەمی یەک دەنگی گوێزراوە

## خێزانی سێهەم: سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو:

ئەم خێزانە خاوەنی دوو سیستەمی هەڵبژاردنە کە بریتین لە:

- سیستەمی هاوتەریب
- سیستەمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو

## خێزانی چوارەم: چەند سیستەمێکی هەڵبژاردنی تر:

ئەمانە ناچنە ژێر چەتری هیچ خێزانێکەوەو سێ سیستەمی هەڵبژاردن لەخۆدەگرێت:

- سیستەمی یەک دەنگی نەگوێزراوە
- سیستەمی دەنگدانی سنوردار
- سیستەمی بۆردا



# خێزانەکانی سیستمی هەڵبژاردن

## خێزانی یەکەم: سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە/ فرەیی

لە ئاسانترین‌و کۆنترین سیستمەکانی هەڵبژاردنە، دەنگدەر پاڵێوراوێک لە نێوان چەند پاڵێوراوێکدا هەڵدەبژێرێت، کە نوێنەری پارتە سیاسیەکانن، یان پاڵێوراوی سەربەخۆن. تایبەتمەندی دیاری ئەم سیستمە ئەوەیە کە لەهەر بازنەیەکدا یەک پاڵێوراو یان چەند پاڵێوراوێک هەڵدەبژێردرێت، بۆیە دەوڵەت دابەشدەکرێت بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن‌و قەبارەی بازنەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەتەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە ئەگەر لە هەر بازنەیەکدا یەک کەس هەڵبژێردرێت، پێویستە وڵات دابەش بکرێت بۆ چەند بازنەیەک بە گوێرەی ژمارەی ئەندامەکانی پەرلەمانی وڵاتەکە، یان ژمارەی بازنەکان بە گوێرەی (هێندەی) نیوەی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دەبن، ئەگەر لە هەر بازنەیەکەوە دوو نوێنەر سەربکەوێت‌و دەکرێتە چەند بەشێکەوە:

### یەکەم-1: سیستمی براوەی یەکەم (FPTP)

ئەم سیستمە بە زۆرینەی سادەش ناسراوە. چەند پاڵێوراوێک بۆ بردنەوەی یەک کورسی رکابەری دەکەن، دەنگدەر تەنها دەنگ بەیەک پاڵێوراو دەدات، هەر پاڵێوراوێک زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا کورسییەکە دەباتەوە، ئیتر ژمارەو رێژەی دەنگەکانی هەرچەندێک بێت، کە رەنگە هەندێکجار نەگاتە دەیەکی دەنگدەران. سیستمی زۆرینەی براوە لە دیموکراسیەتە دێرینەکانی وەک بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو کەنەدا پەیرەو دەکرێت.

گەورەترین گرفتی ئەم سیستمە ئەوەیە کە زۆرترین دەنگی فەوتاوی لە ئاستی بازنەکان‌و لەئاستی وڵاتدا لێدەکەوێتەوە، لەبەرامبەردا ئەو پارتە

سیاسییەی زۆرترین کورسی دەباتەوە، مەرج نیە زۆرترین دەنگیشی بەدەستهێنابێت، بۆ نمونە لەوانەیە پارتێکی سیاسی بە ڕێژەی (35٪) ی دەنگەکانەوە (50٪)ی کورسییەکان بباتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە سیستمی دوو خولی (زۆرینەی ڕەها) هاتۆتەکایەوە.

- **نمونەیەک لەسەر سیستەمی براوەی یەکەم:**

– ژمارەی دەنگدەران: 10 هەزار کەس
– بازنەی هەڵبژاردن: 1 کورسی
– ژمارەی پاڵێوراوان: 5 کەس

دەنگی پاڵێوراوەکان بەم شێوەیە دابەشبووە:

پاڵێوراوی (A): 2400 دەنگ.
پاڵێوراوی (B): 2450 دەنگ.
پاڵێوراوی (C): 2200 دەنگ.
پاڵێوراوی (D): 1950 دەنگ.
پاڵێوراوی (E): 1000 دەنگ.

ئەنجام: پاڵێوراوی (B) براوەیە، چونکە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، ئەگەرچی تەنها ڕێژەی (24.5٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.




نمونەیەک لە کارتی دەنگدانی
سیستمی براوەی یەکەم

## یەکەم-2 : سیستمی دوو خولی (TRS):

بە سیستمی "زۆرینەی رەها"ش ناسراوە، هەمان سیستمی براوەی یەکەمە، بەڵام پێویستە پاڵێوراو (50٪ + 1)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت. ئەگەر پاڵێوراو لە خولی یەکەمدا زۆرینەی رەهای بەدەستنەهێنا، ئەوە خولی دووەم لەنێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا ئەنجامدەدرێت کەزۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە. لە خولی دووەمدا هەرکامیان زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا دەبێتە براوەی کورسی ئەو بازنەیە.

بۆیە لەم سیستمەدا دەنگی فەوتاو زۆر کەمدەبێتەوە، بۆ کەمتر لەنیوەی دەنگەکانو دادپەروەرییەکی زیاتر لە نێوان پارتە رکابەرەکان دێنێتەکایەوە. زۆرجار لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی وڵاتان ئەم سیستمە بەکاردێت، بەڵام چەندین وڵاتی وەک فەرەنساو ئۆکرانیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا بەکاریدەهێنن.




نمونەیەک لە کارتی دەنگدانی سیستمی دوو خولی (زۆرینەی رەها)

**نمونەیەک لەسەر سیستمی هەڵبژاردنی دوو خولی:**

ژمارەی دەنگدەران: 10 هەزار کەس

بازنەی هەڵبژاردن: 1 کورسی

ژمارەی پاڵێوراوەکان: 5

دەنگی پاڵێوراوەکان بەم شێوەیە دابەشبووە:

پاڵێوراوی (A): 2400 دەنگ.

پاڵێوراوی (B): 2450 دەنگ.

پاڵێوراوی (C): 2200 دەنگ.

پاڵێوراوی (D): 1950 دەنگ.

پاڵێوراوی (E) : 1000 دەنگ.

لەبەرئەوەی هیچکام لە پاڵێوراوەکان نەیتوانیوە زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، لەنێوان پاڵێوراوی (A) و پاڵێوراوی (B) دا، سەرلەنوێ خولێکی دیکەی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت. بۆ نمونە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

پاڵێوراوی (A): 5550 دەنگ

پاڵێوراوی (B)4450 دەنگ.

<u>ئەنجام:</u>

پاڵێوراوی (A) براوەی کورسی ئەو بازنەیە دەبێت، چونکە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، کە زیاترە لەو دەنگانەی رکابەرەکەی بەدەستیهێناوە.

## سیستمە دوو خولییەکەی فەرەنسا چۆنە؟

نموونەی فەرەنسایی دەرفەت بەهەموو ئەو پاڵێوراوانە دەدات کە لە خولی یەکەمدا (12.5٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، بۆئەوەی بچنە کێبرکێی خولی دووەمەوە. بۆ نموونە:

پاڵێوراوی (A): 4500 دەنگ

پاڵێوراوی (B): 2500 دەنگ.

پاڵێوراوی (C): 1300 دەنگ.

پاڵێوراوی (D): 1290 دەنگ.

پاڵێوراوی (E): 410 دەنگ.

لەبەرئەوەی هیچکام لە پاڵێوراوەکان زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی بەدەستنەهێناوە، خولێکی دیکەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام پاڵێوراوەکانی (A) ، (B) ، (C) ، (D) دەچنە کێبرکێی خولی دووەمەوە، لەبەرئەوەی زیاتر لە (12.5٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

دواتر لە خولی دووەمدا هەر پاڵێوراوێک زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ئەوە دەبێتە براوە، ئەگەرچی زیاتر لەنیوەی دەنگەکانیشی نەبردبێتەوە، بەم شێوەیە:

پاڵێوراوی (A): 4600 دەنگ

پاڵێوراوی (B): 2900 دەنگ.

پاڵێوراوی (C): 1300 دەنگ.

پاڵێوراوی (D): 1200 دەنگ.

ئەنجام: پاڵێوراوی (A) دەبێتە براوەی ئەم بازنەی هەڵبژاردنە، ئەگەرچی (46٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

کەواتە سیستمی هەڵبژاردنی فەرەنسایی لەیەککاتدا دەرفەتو چانسی بردنەوەی زیاتر دەداتە پاڵێوراوەکان. هاوکات دەرفەتی زیاتریش لەبەردەم دەنگدەراندا دەرەخسێنێت بەوەی کە لە خولی دووەمدا زیاتر لە دوو پاڵێوراویان لەبەردەمدا بێت بۆ دەنگدان.

## یەکەم-3 : سیستمی دەنگدانی قەوارە (BV):

هـەر شـێوازی بـراوەی یەکەمـە، بـەڵام لەیـەک بازنـەدا چەنـد کورسـییەک هەیـە، نـەک تەنهـا یـەک کورسـی. دەنگـدەر دەتوانێـت بەگوێـرەی ژمـارەی کورسـییەکان، پاڵێـوراو هەڵبژێرێـت، بـۆ نمونـە ئەگـەر بازنەکـە پێنـج نوێنـەر/کورسـی هەبـوو، دەنگـدەر دەتوانێـت پێنـج پاڵێـوراو لەسـەر کارتی دەنگدانەکـەی دەستنیشـان بـکات، دواتـر هـەر پاڵێوراوێـک زۆرتریـن دەنگی بەدەسـتهێنا لەیەکـەم پاڵێـوراوەوە تـا پێنجـەم پاڵێـوراو دەبنـە خاوەنـی پێنـج کورسـییەکەی ئـەو بازنەیـە.

ئـەم جـۆرە سیسـتمە گەورەتریـن کێشـە بـۆ پارتـە سیاسـیەکان دەنێتـەوە چونکـە ناتوانێـت دەنگدەرەکانـی رازی بـکات دەنگەکانیـان بەسـەر پاڵێوراوەکانیـدا دابەشـبکەن، چونکـە لەوانەیـە، یەکێـک لـە پاڵێوراوەکانـی دەنگـی زۆر زیاتـر لـە پێویسـت بـۆ بردنـەوە بەدەسـتبهێنێت بـەڵام پاڵێوراوەکانـی تـر دەنگـی پێویسـت بەدەسـتنەهێنن.

ئـەم سیسـتمە زیاتـر لـەو وڵاتانـەدا پەیڕەودەکرێـت کـە تاکـە پارتێـک دەسـەڵاتی کۆنترۆڵکـردووەو ڕێگـە بەپارتـی سیاسـی رکابەری تـر نادرێت،


Ballot Paper　Election of 5 Members　2012　Legislative Assembly for the Australian Capital Territory

**Electorate of Brindabella**

**Number five boxes from 1 to 5 in the order of your choice**

You may then show as many further preferences as you wish by writing numbers from 6 onwards in other boxes

| A CANBERRA LIBERALS | B THE ACT GREENS | C ACT LABOR | D BULLET TRAIN FOR CANBERRA | E AUSTRALIAN MOTORIST PARTY | UNGROUPED |
|---|---|---|---|---|---|
| Andrew WALL | Johnathan DAVIS | Joy BURCH | Mark ERWOOD | Kieran JONES-ELLIS | Michael LINDFIELD INDEPENDENT |
| Zed SESELJA | Ben MURPHY | Rebecca CODY | Adam HENSCHKE | Burl DOBLE | Calvin PEARCE INDEPENDENT |
| Val JEFFERY | Amanda BRESNAN | Karl MAFTOUM | | | Mark GIBBONS |
| Nicole LAWDER | | Mick GENTLEMAN | | | |
| Brendan SMYTH | | Mike KINNIBURGH | | | |

Sample

1　Remember, number at least five boxes from 1 to 5 in the order of your choice　1

نمونەیەک لە کارتی دەنگدانی سیستمی قەبارە (BV)

ئەمەش وایکردووە کە رکابەرییەکە زیاتر لەنێوان ئەندامانی یەک پارتی سیاسیدا بێت (وەک سوریا). یاخود رێگە بەکاری پارتی سیاسی تر نادرێتو تەنها وەک کەسانی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردندا دەکەن (وەک کوەیت).

لەو وڵاتانەی سیستمی دەنگدانی قەوارە پیادەدەکەن بریتین لە (کوەیت، لوبنان، سوریا، دەسەڵاتی فەلەستینی، لاوس، دورگەی کایمان، مالدیڤ)

- **نمونەیەک لەسەر سیستمی دەنگدانی قەوارە:**

ژمارەی دەنگدەران: 14 هەزار کەس
بازنەی هەڵبژاردن: (3) کورسی
ژمارەی پاڵێوراوەکان: (5)
دەنگی پاڵێوراوەکان بەم شێوەیە دابەشبووە:
پاڵێوراوی (A): 4000 دەنگ
پاڵێوراوی (B): 3000 دەنگ.
پاڵێوراوی (C): 2500 دەنگ.
پاڵێوراوی (D): 2550 دەنگ.
پاڵێوراوی (E): 1950 دەنگ

ئەنجام: پاڵێوراوانی (A) ، (B) ، (D) هەر سێ کورسی ئەو بازنەیە دەبەنەوە.

سیستمی دەنگدانی قەوارە، مافی ئەوە دەداتە دەنگدەر، بەئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەکە، دەنگ بەپاڵێوراوەکان بدات تەنانەت ئەگەر ئەو پاڵێوراوانە سەر بە چەند پارتێکی سیاسیش بن

## یەکەم-4 : سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی (PBV):

لـەم سیسـتمەدا بـۆ هـەر بازنەیەکـی هەڵبـژاردن چەنـد کورسـییەک دیاریکـراوە، واتـە سیسـتمێکی فـرە نوێنەرایەتییـە. سیسـتمی قـەوارەی پارتـی سیاسـی هەمـان سیسـتمی دەنگدانـی قەوارەیـە، بـەڵام دەنگدەر لـەم سیسـتمەدا تەنهـا یـەک دەنگـی هەیـەو دەیداتـە لیسـتی پارتێکـی سیاسـی نـەک پاڵێـوراو. ئـەو پارتـە سیاسـیەی (لیسـتەی) زۆرتریـن دەنگـی بەدەسـتهێنا هەمـوو کورسـییەکانی ئـەو بازنەیـەی هەڵبـژاردن دەباتـەوە.

ئـەم سیسـتمە لـە سـەنگافورە، جیبۆتـی، تونـس (لەپێـش شۆڕشـی 2011) پەیـڕەو دەکرێـت.

جیـاوازی ئـەم سیسـتمە لەگـەڵ سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەییـدا ئەوەیـە لەنوێنەرایەتـی ڕێژەییـدا هـەر پارتـەو بەپێـی ڕێـژەی دەنگەکانـی کورسـی دەباتـەوە، بـەڵام لـەم سیسـتمەدا هـەر پارتێک زۆرتریـن دەنگی بەدەسـتهێنا هەمـوو کورسـییەکانی ئـەو بازنەیـە دەباتـەوە.



| | | |
|---|---|---|
| National Assembly for Wales election<br>**Ballot paper to elect the Assembly Members for the ........................ region**<br>Vote ☒ once only | Etholiad Cynulliad Cenedlaethol Cymru<br>**Papur pleidleisio i ethol Aelodau Cynulliad ar gyfer rhanbarth ........................**<br>Pleidleisiwch ☒ unwaith yn unig | |
| **A Party – Plaid A** | | ☐ |
| **B Party – Plaid B** | | ☐ |
| **C Party – Plaid C** | | ☐ |
| **Candidate D – Ymgeisydd Ch**<br>Independent – Annibynnol | | ☐ |

نموونەیەک لە کارتی دەنگدانی سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسیی (PBV)

## نمونەیەک لەسەر سیستەمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی:

ژمارەی دەنگدەران: 10 هەزار دەنگدەر

بازنەی هەڵبژاردن: 5 کورسی

ژمارەی پارتە سیاسییەکان : 4 لیست

دەنگی پارتی سیاسیەکان بەم شێوەیە دابەشبووە:

پارتی سیاسی (A): 2000 دەنگ.

پارتی سیاسی (B): 3000 دەنگ.

پارتی سیاسی (C): 2550 دەنگ.

پارتی سیاسی (D): 2450 دەنگ.

ئەنجام: پارتی سیاسی (B) هەر پێنج کورسیەکەی ئەم بازنەیە دەباتەوە، لەبەرئەوەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، هەرچەندە (30٪) دەنگەکانیشی بەدەستهێناوە.

سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی هەمان لۆژیکی سیستمی براوەی یەکەمی هەیە " لایەنی براوە هەموو کورسییەکان دەباتو لایەنی دۆڕاویش هەموو کورسییەکان لەدەستدەدات".

جیاوازی نێوان ئەم دوو سیستمە لەڕووی دەنگدانەوە تەنها لەوەدایە، دەنگدەر لە سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسیدا دەنگ بە لیستێک دەدات بەڵام لە سیستمی براوەی یەکەمدا دەنگ بە پاڵێوراوێک دەدات

## یەکەم-5 : سیستمی دەنگی ئەلتەرناتیڤ (AV):

سیستمێکی تایبەتی زۆرینەیە، لە بازنەی یەک کورسی/ یەک نوێنەردا بەکاردێت، دەنگدەران ژمارە بۆ پاڵێوراوەکان دادەنێن لە باشترینەوە بۆ خوارەوە، بۆ نمونە دەنگدەر ژمارە (1) بۆ ئەو پاڵێوراوە دادەنێت کەمەبەستێتی نوێنەرایەتی بکات، دواتر ژمارە (2) دادەنێت بۆ پاڵێوراوێکی تر کە لای دەنگدەرەکە لە دوای پاڵێوراوی ژمارە یەکەوە دێت، تا بەمشێوەیە هەموو پاڵێوراوەکان ریز دەکات. پاڵێوراوی براوە دەبێت رێژەی رەهای دەنگەکانی (50٪ + 1) بازنەی هەڵبژاردنەکە بەدەستبهێنێت. بەڵام ئەگەر رێژەی هیچکام لەپاڵێوراوەکان نەگەیشتە نیوە کۆ یەک، ئەوا ئەو پاڵێوراوەی کەمترین دەنگی بەدەستهێناوە دووردەخرێتەوە، ئەمجار رێژەکە ئەژمار دەکرێتەوە.

لایەنە باشەکەی ئەم سیستمە ئەوەیە کە پێویست ناکات خولی دووەمی دەنگدان ئەنجامبدرێت، ئەگەر هیچکام لەپاڵێوراوەکان زۆرینەی رەهایان بەدەستنەهێنا، هەروەها دەنگدەر زیاتر لە بژاردەیەکی هەیە، دەنگێکی تەواو دەداتە ئەو پاڵێوراوەی بە ژمارە یەک دایدەنێت، نیو دەنگ بۆ ئەو کەسەی پلە دووی دەداتێ‌و سێیەکی دەنگێک بۆ سێیەم پاڵێوراوو چواریەکی دەنگێک بۆ چوارەم پاڵێوراو...تاد.

بەهۆی ئەو ریزکردن و پلەبەندییەی دەنگدەر لەنێوان پاڵێوراوە هەڵبژێردراوەکانی خۆیدا ئەنجامی دەدات و ئاستی جیاوازیان دەداتێ، لەبەرئەوە سیستمی دەنگی ئەڵتەرناتیڤ بەسیستمی (دەنگدانی بژاردەیی **Preferential Voting –**) دادەنرێت. بەڵام کێشەی گەورەی جێبەجێکردنی ئەم سیستمە ئەوەیە کە ئاستێکی بەرزی خوێندەواریو هۆشیاری سیاسی پێویستە.

ئەم سیستمە لەهەریەک لە ئوسترالیا، فیجیو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێرلەندەدا بەکاردێت.

## نمونەیەک لەسەر سیستەمی دەنگی ئەڵتەرناتیڤ:

ژمارەی دەنگدەران: 10 هەزار دەنگی دروست
بازنەی هەڵبژاردن: یەک کورسی
ژمارەی پاڵێوراوان: 4
پاڵێوراوی (A): 5001 دەنگ لە باشترینەکان واتا ریزبەندی (1)
پاڵێوراوی (B): 2000 دەنگ. لە باشترینەکان واتا ریزبەندی (1)
پاڵێوراوی (C): 1500 دەنگ. لە باشترینەکان واتا ریزبەندی (1)
پاڵێوراوی (D): 1499 دەنگ. لە باشترینەکان واتا ریزبەندی (1)

ئەنجام: پاڵێوراوی (A) براوەی یەکەمە چونکە زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

ئەگەر هیچ پاڵێوراوێک زۆرینەی رەهای بەدەستنەهێنا، ئەوا لەقۆناغی یەکەمدا پاڵێوراوی (D) دوور دەخرێتەوە، لەبەرئەوەی کەمترین دەنگی بەدەستهێناوە. پاشان (1499) دەنگەکەی، بەپێی بری بەدەستهاتووی بژاردەی (2)ی هەریەک لەپاڵێوراوەکانی تر، بەسەریاندا دابەشدەکرێت. ئەگەر لەم قۆناغەدا یەکێک لەپاڵێوراوەکان زۆرینەی رەها بەدەستهینا ئەوای کورسی بازنەکە دەباتەوە، بەلام ئەگەر هیچیان بەدەستی نەهێنابوو، پاڵێوراوێکی تری خاوەن کەمترین دەنگی تریش دوور دەخرێتەوەو دەنگە بەدەستهاتووە تازەکەی، بەپێی بری بژاردەی (3)یان بەسەر دوو پاڵێوراوەکەی تردا دابەشدەکرێتەوە، لەم کاتەدا هەرکامیان زۆرینەی رەهای بەدەستهێنا ئەوا کورسی بازنەکە دەباتەوە.




نموونەیەک لە کارتی دەنگدانی سیستمی دەنگی ئەڵتەرناتیڤ

## یەکەم-6: لایەنە باش و ئەرێنیەکانی سیستمی زۆرینە/ فرەیی کامانەن ؟

1. سیستمەکانی زۆرینە بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەوە ناسراون کە بۆ دەنگدەر سادەو ئاسانن‌و دەنگدەر لە نێوان ئەو پاڵێوراوانەی لە ناوچەی جوگرافی خۆیدان پاڵێوراوێک یان زیاتر هەڵدەبژێرێت.
2. زۆرجار حکومەتی یەک پارتی سیاسی دەهێنێتە کایەوە، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی کاریگەر، واتە لە یەککاتدا حکومەتێکی بەهێزو ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن بەرنامەی سیاسی بەهێز کەبتوانێت بێتە سەر حوکم، دەهێنێتە ئاراوە.
3. پەیوەندی نێوان دەنگدەرو نوێنەر (ئەندامی پەرلەمان) لەم سیستمەدا بەهێزە چونکە دەنگدەر راستەوخۆ دەنگ بەکەسە پاڵێوراوەکە دەدات.
4. هیچ ناوچەیەکی جوگرافی بێ نوێنەر نابێت‌و لەهەر ناوچەیەکدا پاڵێوراوێک یان زیاتر لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا نوێنەرایەتی دەکات.
5. ئەم سیستمە رێخۆشکەرە بۆ بردنەوەو سەرکەوتنی کەسانی سەربەخۆ چونکە کاریگەری پاڵێوراوەکان بە پلەی یەکەم دێت، لەبەرئەوەی دەنگدەر راستەوخۆ دەنگ بە پاڵێوراو دەدات.

## یەکەم-7: لایەنە خراپ و نەرێنیەکانی سیستمی زۆرینە کامانەن ؟

ئەم سیستمە بێ کەموکورتی‌و کێشەو رەخنە نییە، لەگرنگترین ئەو گرفتانەی لەم سیستمەدا هەن بریتین لە:

1. ئەم سیستمە بەوە ناسراوە کەزۆرترین رێژەی دەنگی فەوتاوی هەیە، چونکە هەموو ئەو دەنگانەی لە بازنەکاندا ناگەنە ئاستی کورسی دەفەوتێن بەبێئەوەی پارتی سیاسی یان پاڵێوراو سودی لێببینێت. هەربۆیە هاوسەنگی لە نێوان رێژەی دەنگی بە دەستهاتوو لەگەڵ ژمارەی کورسی پەرلەماندا دروست نابێت، تەنانەت زۆرجار

بـە کەمتـر لـە نیـوەی دەنگـەکان لەسـەر ئاسـتی نیشـتیمانی، قـەوارەی سیاسـی دەبێتـە خاوەنـی زیاتـر لـە نیـوەی کورسـییەکانی پەرلەمـان.

2. پارتـە بچووکـەکان ناتوانـن مافـی تـەواوی خۆیـان لـە نوێنەرایەتـی وەربگـرن، چونکـە لـە زۆربـەی بازنەکانـدا دەنگەکانیـان دەفەوتێـتو ناگاتـە ئاسـتی کورسـی. بـۆ نمونـە هەندێکجـار پارتێکـی سیاسـی ڕێـژەی (10٪)ی دەنگـەکان بەدەسـتدەهێنێت بـەڵام هیـچ نوێنەرێکـی لـە پەرلەمانـدا نابێـت.
3. کەمینـەکان لـەم سیسـتمەدا ئەسـتەمە بتوانن ببنـە خاوەنـی نوێنەرایەتی، بەتایبـەت ئەگـەر کەمینەیـەک لـە بازنەیەکـی هەڵبژاردندا زۆرینـە نەبێت.
4. لەسـایەی ئـەم سیسـتمەدا پارتـە سیاسـییەکان ناتوانـن دەنگی پێویسـت بـۆ پاڵێـوراوە ژنـەکان مسـۆگەر بکـەن، ئەگـەر ژنـی پاڵێـوراو لە ئاسـتی متمانـەی دەنگدەرانـدا نەبێت.
5. ئـەم سیسـتمە یارمەتـی دەرکەوتنـی هەندێـک پـارت دەدات لەسـەر بنەمـای خێـڵو ڕەگـەزو ئیتنیـک یـان ناوچـە، دوور لـە بەرنامـەی سیاسـیو ئابـووریو کۆمەڵایەتـی لەسـەر ئاسـتی نیشـتیمانی.
6. بـەردەوام پێویسـتی بـە سـەرلەنوێ دارشـتنەوەی دەستنیشـانکردنی بازنەکانـی هەڵبـژاردن هەیـە، کـە بەپێـی گۆڕانـکاری دیمۆگرافـی ژمـارەی دەنگـدەرانو دانیشـتوان دەگۆڕێـت.
7. ئەگـەر نوێنەرێـک بەهـەر هۆیـەک ئەندامێتـی لەدەسـتبدات، پێویسـتە سـەرلەنوێ لـەو بازنەیـەدا هەڵبـژاردن ئەنجامبدرێتـەوە، بـۆ پڕکردنـەوەی شـوێنەکەی.

| بەراوردی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردنی زۆرینە/ فرەیی | | | |
|---|---|---|---|
| سیستمەکان | بازنەی هەڵبژاردن | دەنگدەر چەند دەنگ دەدات | رادەی کاریگەری بۆ سەر بونیادی پارتی سیاسی و سەرکردایەتییەکەی |
| براوەی یەکەم | یەک نوێنەر | یەک دەنگ | کاریگەری کەمە |
| دوو خولی | یەک نوێنەر | دوو دەنگ | کاریگەری کەمە |
| سیستمی قەوارە | فرە نوێنەر | بەئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەکە | کاریگەری زۆرە |
| سیستمی قەوارەی پارتی سیاسی | فرە نوێنەر | یەک دەنگ | کاریگەری نییە |
| دەنگی ئەلتەرناتیڤ | یەک نوێنەر | بەئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەکە | کاریگەری زۆرە |

بەپێی تازەترین توێژینەوە، کە لەلایەن "تۆڕی زانیاری هەڵبژاردن-ACE"ەوە ئامادەکراوە، سیستمی زۆرینە/ فرەیی بەهەموو لقەکانیەوە لە پەرلەمانەکانی وڵاتانو هەرێمەکانی جیهاندا بەم شێوەیەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:

- سیستمی براوەی یەکەم: (53) وڵات
- سیستمی زۆرینەی رەها/ دوو خولی: (14) وڵات
- سیستمی دەنگدانی قەوارە: (9) وڵات
- سیستمی دەنگدانی قەوارەی پارتی سیاسی: (1) وڵات
- سیستمی دەنگی ئەڵتەرناتیڤ: (4)

بۆ زانیاری زیاتر، سەیری خشتەی کۆتایی ئەم کتێبە بکە.

## خێزانی دووەم: سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی

وەختێک لەناوی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی ورددەبینەوە، لەو ئامانجە تێدەگەین کە لەپشت ناوەکەیەوە هەیە کەئەویش بریتییە لە نوێنەرایەتییەکی رێژەیی قەوارە سیاسییەکان لەئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، واتە هەر قەوارەیەکی سیاسی بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیدەهێنێت، رێژەیەک لەکورسییەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی دەستدەکەوێت تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ژمارەی دەنگەکانیان ناگاتە بردنەوەی کورسییەک.

سیفاتە جیاکەرەوەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی بریتین لە:

1. لەبازنەی فرە کورسیدا پیادەدەکرێت، واتە نابێت بازنەی هەڵبژاردنەکە لە یەک کورسی پێکهاتبێت.
2. زیاتر پشت بە لیستی فرە پاڵێوراو دەبەستێتو حاڵەتی باو ئەوەیە کە نابێت کۆی ژمارەی پاڵێوراوەکانی ناو هەر لیستێک لەکۆی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە زیاتر بێت.[1]
3. دەنگدان تێیدا بە یەک خول تەواو دەبێتو خولی دووەمی نییە.
4. هەر پارتێک بەشێوەیەکی نزیکەیی، بە ئەندازەی رێژەی دەنگەکانی، کورسی بەردەکەوێت.

سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی دوو جۆرن:

یەکەم : لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی.

دووەم: یەک دەنگی گوێزراوە

1 بەڵام لەهەردوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، ژمارەی پاڵێوراوەکانی هەر لیستێک دەتوانێت دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن بێت.

## یەکەم: لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی:

### فۆرمەکانی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی:

لـە لیسـتی نوێنەرایەتـی ڕێژەییـدا، (بازنـەی هەڵبـژاردن)و (جـۆری لیسـت ئـەو دوو ڕەگـەزەن کـە فۆرمـی جیـاواز بـەم سیسـتمە دەبەخشـن:

### فۆرمی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەگەڵ بازنەی هەڵبژاردندا:

لیسـتی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی لەتوانایدایـە سەرتاسـەری وڵات بکاتـە یـەک بازنـەی هەڵبـژاردن‌و سـەرجەمی وڵات یـەک دابەشـکاری هەڵبژاردنـی هەبێـت، یاخـود کـۆی ژمـارەی کورسـییەکانی وڵات بەسـەر چەنـد بازنەیەکـی هەڵبژاردنـدا دابـەش بـکات‌و هـەر بازنەیەکـی هەڵبـژاردن دابەشـکارییەکی هەڵبژاردنـی تایبـەت بەخـۆی هەبێـت.

سیستمی نوێنەرایەتی تەواو:

لـەم فۆرمـەدا وڵات هەمـووی یـەک بازنـەی هەڵبـژاردن‌و یـەک دابەشـکاری هەڵبژاردنـی هەیـە، دابەشـکردنی کورسـییەکان بەسـەر قـەوارە سیاسـییەکاندا لەسـەر بناغـەی ئـەو ڕێـژە دەنگەیـە کـە هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی لەکـۆی دەنگـەکان بەدەسـتیهێناوە.

ئـەم فۆرمـە پشـت بـە ژمـارەی دەنگـە دروسـتەکان دەبەسـتێت نـەک ژمـارەی دانیشـتوانی ناوچەکانـی وڵات هەربۆیـە لـەم فۆرمـەدا عەدالەتـی نوێنەرایەتـی زۆر بەباشـی بەدیدێـت چونکـە کەمتریـن دەنـگ بەفیـڕۆ دەڕوات بـەڵام کورتدەهێنێـت لـە بەدیهێنانـی نوێنەرایەتـی جوگرافیـدا.

سیستمی نوێنەرایەتی نزیکەیی:

لـەم فۆرمـەدا وڵات بەسـەر چەنـد بازنەیەکـدا دابەشـدەکرێت‌و هـەر بازنەیەکیـش بەپێـی ژمـارەی دانیشـتوانەکەی ژمـارەی کورسـییەکانی بـۆ دیاریدەکرێـت لەبەرئـەوە لـەم فۆرمـەدا هـەر بازنەیـەک بەتەنیا دابەشـکاری هەڵبژاردنـی تایبـەت بەخـۆی دەبێـت‌و نرخـی کورسـی لەبازنەیەکـەوە بـۆ

بازنەیەکـی تـر چوونیـەک نابێـت سـەرباری ئـەوەی لەسـەر ئاسـتی وڵات جیـاوازی دروسـتدەکات لەنێـوان ژمـارەی ئـەو دەنگانـەی قەوارەیەکـی سیاسـی بەدەسـتیهێناوە بەبـەراورد لەگـەڵ ژمـارەی ئـەو کورسـیانەی لەنـاو پەرلەمانـدا بەدەسـتیدەهێنێت.

ئـەم فۆرمە پشـت بەژمـارەی دانیشـتوان دەبەسـتێت لەدیاریکردنـی ژمارەی کورسـییەکانی هـەر بازنەیەکـدا نـەک ژمـارەی دەنگـە دروسـتەکانی نـاو بازنـەی هەڵبژاردنەکـە، لەبەرئـەوە ژمارەیـەک دەنگـی زۆر لەنێـوان بازنەکانـدا بەفیـڕۆدەڕواتو بەمـەش ئاسـتی عەدالەتـی نوێنەرایەتـی کەمتـر بەدیدێـت بـەڵام لـەرووی نوێنەرایەتـی جوگرافییـەوە باشـترە.

**فۆرمی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەگەڵ جۆری لیستدا:**

نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی سیسـتمێکە لەبنەڕەتـدا پشـت بـە لیسـتی پارتـی سیاسـی دەبەسـتێت، دواتـر لەناو لیسـتەکە/اندا دەنگدەر بـژاردەی دراوەتێو ئـەوەش جـۆری لیسـتەکان دیاریـدەکات بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

**1- لیستی داخراو:**

پاڵێـوراوەکان لەنـاو ئـەم لیسـتەدا لەلایـەن پارتـی سیاسـیو سـەرکردایەتیەکەیەوە بەجێگیـری دادەنرێـن بەبێئـەوەی دەنگـدەر توانـای گۆڕینـی ئـەو ڕیزبەندییـەی نـاو لیسـتەکەی هەبێـت، لەبەرئـەوەی دەنگـدەر لەنـاو کارتـی دەنگدانـدا تەنهـا مافـی ئـەوەی هەیـە دەنـگ بـە قـەوارە سیاسـییەکە بـدات. واتـە ئیتـر ئـەو حیزبـە خـۆی ڕیزبەندیـی پاڵێوراوەکانـی کـردووە، ژمـارەی ئـەو کورسـیانەی لیسـتی ئـەو حیزبـە بەدەسـتیدەهێنێت حیـزب خـۆی بەپێـی ئـەو ڕیزبەندییـەی کردوویەتـی دایاندەنێـت نـەک دەنگـدەری حیزبەکـە.

لەلیسـتی داخـراودا تـۆی دەنگـدەر ناچاردەبیـت لەبەرخاتـری کەسـێک یـان حیزبێـک دەنـگ بەکـۆی لیسـتێک بدەیـت لەکاتێکـدا ڕەنگـە تـۆ هەمـوو

یان زۆرێک لەوانەی ترت بەدڵ نەبێت، ئەمەش دەبێتەمایەی گەیشتنی کەسانی دڵخوازی سەرکردایەتی حیزب بەپەرلەمان‌و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان. ئەمەش وادەکات پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دەنگدەرو پاڵێوراودا دروست نەبێت‌و ئەنجومەنی هەڵبژێردراویش هەست بەبەرپرسیارێتییەکی زۆر ناکات بەرامبەر بەدەنگدەر.

سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ بەلیستی داخراو، لەم وڵاتانە پیادەدەکرێت: (جەزائیر، ئەنگۆلا، ئەرجەنتین، بەلجیکا، بەنین، بولگاریا، بۆرکینا فاسو، بۆرۆندی، کەمبۆدیا، کۆستاریکا، سلڤادۆر، کینیای ئیستوائی، ئەریتریا، فەرەنسا، هندۆراس، عێراق (2005)، ئیسرائیل، مەغریب، مۆزەمبیق، نیپاڵ، نیکاراگوا، نایجیریا، پەناما، پاراگوای، ئۆرۆگوای، پیرۆ، پورتوگال، باشوری ئەفریقیا، ئیسپانیا..).

## «کۆتا»[2]ی ئافرەتان لە لیستی داخراودا

لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا «کۆتا»ی ئافرەتان دیاریدەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر لەیاسای هەڵبژاردندا سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بەلیستی داخراو بێت‌و رێژەی کۆتای ئافرەتان (25٪) بێت، ئەمە بەواتای ئەوە دێت کە:

– دەبێت لەناو هەر لیستێکدا، بۆ هەر چوار پاڵێوراوێک، ناوی ئافرەتێک هاتبێت، واتە ئەگەر لیستی قەوارەیەکی سیاسی لە 16 پاڵێوراو پێکهاتبێت ئەوا دەبێت چوار لەوانە ئافرەت بن.

– دەبێت لەناو هەر چوار کورسییەکدا، کە هەر قەوارەیەکی سیاسی بەدەستیدەهێنێت، یەک کورسیان بەر ئافرەت بکەوێت.

بەو پێیەی لە لیستی داخراودا دەنگدەر تەنها دەنگ بە قەوارە

2 سیستمی کۆتا، ئامرازێکە بۆ یارمەتیدانی ئافرەتان بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو کەندو کۆسپانەی دێنەبەردەم بەشداری سیاسی ئافرەتان. سیستمی «کۆتا» بۆ پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئاینییەکانیش هەمان ئەرکی پۆزەتیڤ بەئامانجی یارمەتیدانیان دەگێرێت بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانیانەوە.

سیاسییەکە دەداتو دەنگ بە پاڵێوراوەکان نادات، لەبەرئەوە ئافرەتانیش هەروەک پیاوانی پاڵێوراو، بەپێی ئەو ریزبەندییەی حیزب دایناوە، بەپێی کۆتای دیاریکراو بۆ ئافرەتان لەیاسای هەڵبژاردندا، کورسی دەبەنەوە بەبێئەوەی جیاوازی دەنگ لەنێوان پاڵێوراوانی پیاوو ژندا دەربکەوێت.

## «کۆتا»ی پێکهاتە نەتەوایەتیو ئایینییەکان لە لیستی داخراودا

لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا هەریەک لە«کۆتا»ی پێکهاتە نەتەوایەتیو ئایینییەکان لەگەڵ سیستمی هەڵبژاردنەکەیانو جۆری لیستەکەیان دیاریدەکرێت. ئەگەر لیستی ئەو پێکهاتانە بەلیستی داخراو بێت ئەوا دەنگدەری ئەو پێکهاتانە تەنها دەنگ بە لیستەکان دەدەنو بەپێی ژمارەی ئەو کورسیانەی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەدەستیدەهێنێت ژمارەی پاڵێوراوەکانی بەپێی ریزبەندی لیستەکە دیاریدەکرێت.



نموونەیەک لەکارتی دەنگدانی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی / لیستی داخراو

## 2- لیستی کراوەی سنوردار (نیمچە کراوە):

لێرەدا دەنگدەر دەتوانێت لەیەککاتدا یان تەنها دەنگ بە لیستەکە بدات یاخود دەنگ بە لیستەکەو پاڵێوراوێکی ناو لیستەکەش بداتو بەمەی دوایی دەگوترێت (دەنگدانی بژاردەیی - الاقتراع التفضيلي).

ئەم لیستە ئازادییەکی سنوردار دەداتە دەنگدەر کە لەرێگەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوێکەوە تارادەیەک دەستکاری ئەو ریزبەندییە بکات کە لەناو لیستی قەوارەیەکی سیاسیدا هەیە. بەمەش دەنگدەر رۆڵێکی بەرچاوی دە بێت لەدیاریکردنی ئەو پاڵێوراوەی دەخوازێت بچێتە ناو پەرلەمانەوە. بەڵام ئەو دەنگدەرەی تەنها دەنگ بەلیستەکە دەدات وەک ئەوە وایە بەپێی لیستی داخراو دەنگی دابێتو رازییە لەسەر هەمان ئەو ریزبەندییەی کەحیزب دایناوە.

لە لیستی کراوەی سنورداردا کۆی ژمارەی ئەو دەنگانەی قەوارەیەکی سیاسی بەدەستیهێناوە کۆدەکرێنەوەو بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردنی بازنەی هەڵبژاردنەکەدا دابەشدەکرێتو ژمارەی ئەو کورسیانەی قەوارەیەکی سیاسی دەیباتەوە بەر ئەو پاڵێوراوانە دەکەوێت، کە لەناو لیستی قەوارە سیاسییەکەدا، یەک لەدوای یەک زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە.

لەم جۆرە لیستەدا دەنگدەر تەنها دوو بژاردەی لەبەردەستدایە کە یەکێکیان ئیلزامییەو بۆ قەوارە سیاسییەکە دەچێت بەڵام بژاردەی دووەمیان، کە بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوێکی ناو قەوارە سیاسییەکەیە، دەنگدەر ئازادە لەوەی ئەو بژاردەیە تاقیبکاتەوە یان نا.

کەواتە لەناو لیستی کراوەی سنورداردا قەوارەی سیاسی، وەک بژاردەو دواتریش بۆ ژماردنی دەنگەکان، بەبناغە وەردەگیرێتو دەنگدەر مافێکی تەواوی هەیە لە ریزبەندیکردنی پاڵێوراوەکاندا، کەدیارە ئەمەش کاریگەرییەکی سنورداری دەبێت بۆ سەر لاوازکردنی بونیادی حیزبو سەرکردایەتییەکەی، چونکە دواجار دەنگدەر دەستکاری دیزاینی لیستەکەو ئەو ریزبەندییە دەکات کە سەرکرادیەتی لیستەکە دایانناوە.

بەهـۆی ئـەو دوو بژاردەیـەی لەبەردەسـت دەنگدەردایـە، پرۆسـەی دەنگدانەکـە لـەلای دەنگدەر کەمێـک لـە لیسـتی داخـراو ئاڵـۆزو قورسـترەو ئەمـەش ئەگـەری ئـەوە دروسـتدەکات، بەبـەراورد لەگەڵ لیسـتی داخـراودا، ژمارەیەکـی زۆرتـر لـە کارتەکانـی دەنگدان پووچـەڵ بکرێنـەوەو قەبارەی کارتـی دەنگدانەکـەش کەمێـک گەورەتـرو تێچوونەکەشـی زیاتـر بێـت.

لەسیسـتمی نوێنەرایەتـی رێژەیـی ئـەم دەوڵەتانـەدا لیسـتی کـراوەی سـنوردار پیادەدەکرێـت: (بەرازیـل، کۆلۆمبیـا، فنلەنـدا، ئایسـلەندا، ئەندەنوسـیا، ژاپـۆن، لاتڤیـا، هۆڵەنـدا، نەرویـج، پۆلەنـدا، سـوید، عێـراق، هەرێمـی کوردسـتان[3]).

## «کۆتا»ی ئافرەتان لە لیستی کراوەی سنورداردا

«کۆتـا»ی ئافرەتـان لـەم فۆرمەشـدا بەپێـی یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـە هەڵبژێـردراوەکان دیاریدەکرێـت[4]. ئەگـەر لیسـتی داخـراو نەهێڵێـت دەنگدەر دەسـتکاری ئـەو ریزبەندییـەی بـکاتو پاڵێوراوانـی ژنو پیـاو لەجێگـەی خۆیانـدا بهێڵێتـەوە، ئـەوا لـە لیسـتی کـراوەی سـنورداردا جگەلـەوەی ئـەو ریزبەندییـە تێکدەداتـەوە هـاوکات ژمـارەی ئـەو دەنگانـەش دەردەکەوێـت کـە هەریـەک لەپاڵێوراوانـی ژنو پیـاو لەنـاو لیسـتێکدا بەدەسـتیانهێناوە! بۆیـە لێـرەدا دەبێـت لەنـاو ئـەو کورسـییانەی هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی بەدەسـتیهێناوە ئـەو رێژەیـە لەکورسـی بـۆ ئافرەتـان دەسـتەبەربکرێت کـە یاسـاکە دیاریکـردووە، ئەویـش بـە رەچاوکردنـی ئـەو دەنگانـەی ئافرەتانـی نـاو لیسـتەکە لـەزۆرەوە بـۆ کەمتـر بەدەسـتیانهێناوە. ئـەو ئافرەتانـەی کورسـییەکانیان بـەم شـێوەیە بەدەسـتهێناوە پێیاندەگوترێـت (افضل الخاسرات).

3 لەهەرێمـی کوردسـتاندا تەنهـا هەڵبژاردنـی خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان (21/9/2013) بەشـێوەی لیسـتی نیمچـە کـراوە ئەنجامـدراوە بـەڵام هـەر سـێ خولەکـەی پێشـووتری پەرلەمانـی کوردسـتان (لـە سـاڵانی 1992، 2005، 2009) بەلیسـتی داخـراو ئەنجامـدراون.

4 کۆتـای ئافرەتـان لەیاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتاندا بەرێـژەی (30%)یـە، واتـە دەبێـت لەنێـوان سـێ نوێنـەری هەڵبژێـردراودا یەکێکیـان ئافـرەت بێـت.




نموونەیەک لە لیستی کراوەی سنوردار

## ”کۆتا“ی پێکهاتە نەتەوایەتیو ئایینییەکان لە لیستی کراوەی سنورداردا

کاتێک «کۆتا»ی پێکهاتە نەتەوایەتیو ئایینییەکان لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا بەرێژەیەک دیاری دەکرێتو سیستمی هەڵبژاردنەکەی نوێنەرایەتی رێژەییە بەلیستی کراوەی سنوردار، لەو کاتەدا دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانە دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسی سەر بە پێکهاتەکەیانو یەکێک لەکاندیدەکەیان دەدەن. ئەوەی لەم «کۆتا»یەدا خاڵی جیاکەرەوەیە ئەوەیە کە ئەم پێکهاتانە، قەوارەی سیاسیو دابەشکاری هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆیان هەیەو لەناو خۆیاندا کێبڕکێ لەسەر بردنەوەی ئەو کورسیانە دەکەن کە یاسای هەڵبژاردن بۆی دیاریکردون.[5]

5 ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئایینی لە یەک کورسی پێکهاتبوو ئەوا شێوازی دابەشکاری هەڵبژاردن پیادەناکرێت بەڵکو سیستمی زۆرینە/ براوەی یەکەم دەگیرێتەبەرو تاکە کورسییەکە بەر ئەو قەوارە سیاسییە دەکەوێت کە لەناو قەوارە سیاسییەکانی ئەو پێکهاتەیەدا زۆرترین دەنگی دروستی بەدەستهێناوە.

## 3- لیستی کراوەی ئازاد:

لیستی کراوەی ئازاد ئەوەیە ڕێگە بەدەنگدەر دەدرێت بە ئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی ئەو بازنەی هەڵبژاردنەی دەنگدەر ناوی تێدا تۆمارکراوە، بژاردەی لەناو پاڵێوراوەکانی لیستی قەوارە سیاسییە جیاوازەکاندا هەبێت.

لە لیستی کراوەی ئازاددا دەنگدەر تەنها دەنگ بە پاڵێوراوەکان دەدات نەک قەوارەی سیاسی، تا ئەو رادەیەی لەلایەن خۆیەوە ریزبەندییەکی نوێ لەناو کۆی پاڵێوراوەکانی قەوارە سیاسییە جیاوازەکاندا دروستدەکات.

لەدوایيدا کۆی ژمارەی ئەو دەنگانەی پاڵێوراوەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەدەستیهێناوە کۆدەکرێنەوەو بەسەر «دابەشکاری هەڵبژاردن»دا دابەشدەکرێن‌و بەمەش ژمارەی ئەو کورسیانەی قەوارەیەکی سیاسی دەیباتەوە بەر ئەو پاڵێوراوانە دەکەوێت، کە لەناو لیستی قەوارە سیاسییەکەدا، زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە.

لەلیستی کراوەی ئازاددا دەنگدەر بژاردەیەکی زۆری لەبەردەستدایەو ئەمەش کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ سەر لاوازکردنی بونیادی حیزب‌و سەرکردایەتییەکەی، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە هەندێکجار بەهۆی ئەو بژاردە زۆرەی لەبەردەست دەنگدەردایە وادەکات پرۆسەی دەنگدانەکە قورس بێت‌و ژمارەیەکی زۆر لە کارتەکانی دەنگدان پووچەڵ بکرێنەوە، سەرباری ئەوەی کە قەبارەی کارتی دەنگدانەکەی گەورەیەو تێچوونەکەی زیاترە.

«کۆتا»ی هەریەک لە ئافرەتان‌و پێکهاتە نەتەوەییەکان لە لیستی کراوەی ئازاددا بە یاسا دیاریدەکرێت‌و کورسییەکانیان بەسەر ئەو پاڵێوراوانەیاندا دابەشدەکرێن کە لەناو خۆیاندا زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە.

# شێوازەکانی دابەشکردنی کورسییەکان لە لیستی نوێنەرایەتی رێژەییدا :

لەلیستی نوێنەرایەتی رێژەییدا کورسییەکان بە دوو میکانیزمە بەسەر قەوارە سیاسییەکاندا دابەشدەکرێن‌و جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان ئەم دوو میکانیزمەیەدا پەیوەندی بە ژمارەی قۆناغەکانەوە هەیەو بەمجۆرە پۆلێن دەکرێن:

## 1/ دابەشکردنی کورسییەکان بەدوو قۆناغ:

ئەم میکانیزمەیە بە دوو قۆناغ دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ کورسی:

قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە کە پشت بە یەکێک لەجۆرەکانی (کۆلکەکانی هەڵبژاردن- معامل الانتخابات) دەبەستێت‌و ناتوانێت هەموو کورسییەکان دابەشبکات چونکە چەند کورسییەکی بەتاڵ دەمێنێتەوە. لەم قۆناغەدا دەتوانین یەکێک لە 3 جۆرەکەی کۆلکەی هەڵبژاردن بەکاربهێنین کە ئەمانەن:

أ/ شێوازی (دابەشکاری هەڵبژاردن- القاسم الانتخابي)

ب/ شێوازی (ژمارەی یەکخراو – العدد الموحد)

ج/ شێوازی (کۆلکەی نیشتمانی- المعامل الوطني)

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە تەواوکەری قۆناغی یەکەمەو تایبەتە بە بەکارهێنانی دوو شێواز بۆ دابەشکردنی ئەو کورسییە بەتاڵانەی کە لەقۆناغی یەکەمدا ماونەتەوە، ئەوانیش بریتین لە.

أ/ دابەشکردنی کورسی بەتاڵ (بەشێوازی زۆرترین دەنگی ماوە- الباقی الاقوی)

ب/ دابەشکردنی کورسی بەتاڵ بەشێوازی (بەهێزترین تێکرا- المعدل الاقوی)

## 2/ دابەشکردنی کورسییەکان بە یەک قۆناغ:

مەبەست لە یەک قۆناغی ئەوەیە دەنگەکان بە یەکجارو بەیەک قۆناغ دەگۆڕدرێن بۆ کورسییەکان بەبێئەوەی کورسی بەتاڵ بمێنێتەوەو پێویستمان بەقۆناغی دووەم هەبێت. شێوازەکانی ئەمجۆرە لەدابەشکردنی کورسی بریتین لە:

أ/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (هۆندت)

ب/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (سانت لیگۆ)

جـ/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (سانت لیگۆی هەموارکراو)

د/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (هارا)



نمونەیەک لەهۆڵی پەرلەمانی ئەوروپا - ستارسبۆرگ

# 1/ دابەشکردنی کورسییەکان بەدوو قۆناغ

## (1) دابەشکردنی کورسییەکان لەقۆناغی یەکەمدا:

بۆ دابەشکردنی کورسییەکان لەقۆناغی یەکەمدا چەند شێوازێک هەیە کە لێرەدا تەنها باس لە سێ شێوازیان دەکەین:

### 1/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (دابەشکاری هەڵبژاردن- القاسم الانتخابی):

لەم شێوازەدا کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکانی ناو بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەشی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیەی دەکەین بۆ دەرهێنانی دابەشکاری هەڵبژاردن، دواتر کۆی ئەو دەنگە دروستانەی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەدەستی هێناوە دابەشی دابەشکاری هەڵبژاردنی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین هەر قەوارەیەکی سیاسی چەند کورسی لەقۆناغی یەکەمدا بەدەستهێناوە.

دابەشکاری هەڵبژاردن= کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکانی ناو بازنەی هەڵبژاردن / ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ بازنەی هەڵبژاردن

ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی (لەقۆناغی یەکەمدا) = ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی قەوارەکە لەبازنەی هەڵبژاردندا / دابەشکاری هەڵبژاردن

**نموونەیەکی گریمانەیی:**

- بازنەیەکی هەڵبژاردن لە (5) کورسی پێکهاتووە.
- کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکانی (75000) دەنگە.
- ژمارەی قەوارە سیاسییەکان: (4) قەوارە.

- قۆناغی یەکەم:

دابەشکاری هەڵبژاردن= کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکانی ناو بازنەی هەڵبژاردن / ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە

= (75000 دەنگ ÷ 5 کورسی) = 15000 دەنگ / کورسی

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | دابەشکاری هەڵبژاردن | ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر قەوارەیەک بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردندا | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک (قۆناغی یەکەم) | ئەو دەنگانەی هەر قەوارەیەک کە ماونەتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 15,000 | 2,333 | 2 | 5,000 |
| B | 21,000 | | 1,4 | 1 | 6,000 |
| C | 11,000 | | 0,733 | 0 | 11,000 |
| D | 8,000 | | 0,533 | 0 | 8,000 |
| کۆی گشتی | 75,000 دەنگ | | | 3 کورسی | 30,000 دەنگ |

بەوپێیەی لەقۆناغی یەکەمدا (30 هەزار) دەنگی دروستو دوو کورسی بەتاڵ بە دابەشنەکراوی ماوەتەوە، لەبەرئەوە ناچارین قۆناغی دووەم بۆ دابەشکردنی دوو کورسییە بەتاڵەکە ئەنجامبدەین.

## 2/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (ژمارەی یەکخراو- العدد الموحد)

ئـەم شـێوازە بریتییـە لـە دیاریکردنـی ژمارەیەکـی یەکخـراوی جێگیـر کـە یاسـا دیاریـدەکاتو پێویسـتە هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی لەبازنـەی هەڵبژاردنـدا بـە ئەنـدازەی ئـەو ژمارەیـە دەنـگ بەدەسـتبهێنێت بۆئـەوەی یـەک کورسـی دەسـتبکەوێت، خـۆ ئەگـەر چەنـد ئەوەنـدەی ئـەو ژمارەیـە دەنگـی بەدەسـتهێنا ئەوکاتـە چەندبـارەی ئـەو ژمـارە یەکخـراوە کورسـی دەباتـەوە. نموونـە: گریمـان ئـەو ژمـارە جێگیـرە (20,000) دەنگـە بـۆ یەک کورسـی، ئەنجامـەکان بەپێـی نموونەکـەی سـەرەوە بـەم شـێوەیە دەبێـت:

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | دابەشکاری هەڵبژاردن | ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر قەوارەیەک بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردندا | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک (قۆناغی یەکەم) | ئەو دەنگانەی لەهەر قەوارەیەک ماونەتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 20,000 | 1,75 | 1 | 15,000 |
| B | 21,000 | | 1,05 | 1 | 1,000 |
| C | 11,000 | | 0,55 | 0 | 11,000 |
| D | 8,000 | | 0,4 | 0 | 8,000 |
| کۆی گشتی | 75,000 دەنگ | | | 2 کورسی | 35,000 دەنگ |

دەبینیـن (35 هـەزار) دەنـگو 3 کورسـی بەتـاڵ ماونەتـەوە، لەبەرئـەوە دەبێـت لەقۆناغـی دووەمـدا بەپێـی یەکێـک لـەو شـێوازانە دابەشـبکرێن کـە دواتـر باسـیان دەکەیـن.

## 3/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (کۆلکەی نیشتمانی- المعامل الوطني):

ئـەم شـێوازە بـۆ چارەسـەرکردن‌و یەکخسـتنی ئـەو جیاوازییەیـە کـە لەنێـوان دابەشـکاری هەڵبژاردنـی بازنەکانـی یـەک پەرلەمانـدا دێتەئـاراوە. واتـە ئەگـەر کورسـییەکانی پەرلەمانـی وڵاتێـک بەسـەر چەنـد بازنەیەکـی هەڵبژاردنـدا دابەشـبکرێت ئەوکاتـە لەهـەر بازنەیەکـی هەڵبژاردنـدا دابەشـکارییەکی هەڵبژاردنـی تایبـەت بـەو بازنەیـە دروسـتدەبێت کەجیاوازە لەگـەڵ دابەشـکاری هەڵبژاردنـی بازنەکـەی تـردا، بەمـەش لەنـاو یـەک پەرلەمانـدا جیـاوازی نرخـی کورسـی لەنێـوان بازنەیـەک‌و بازنەیەکـی تـردا دروسـتدەبێت‌و جۆرێـک لەناعەدالەتـی نوێنەرایەتـی دێتەئـاراوە. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو ناعەدالەتییـە لەنوێنەرایەتیکردنـداو نزیکبوونـەوە لەنوێنەرایەتییەکـی تـەواو کۆلکـەی نیشـتمانی بەکاردەهێنرێـت کـە بەهەمان شـێوەی دابەشـکاری هەڵبژاردنـە بـەڵام لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی دەردەهێنرێـت هەربۆیـە هەندێـک بـە (دابەشـکاری هەڵبژاردنـی نیشـتمانی) ناودەبـەن لەکاتێکـدا وڵات بەسـەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا دابەشـکراوە. کەواتـە کۆلکـەی نیشـتمانی بریتییـە لەدابەشـبوونی ژمـارەی کـۆی دەنگـە دروسـتەکان لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی بەسـەر ژمـارەی کـۆی کورسـییەکانی نوێنەرایەتـی لەسـەر ئاسـتی وڵات بەگشـتی.

$$\text{کۆلکەی نیشتمانی} = \frac{\text{کۆی دەنگە دروستەکان لەسەر ئاستی وڵات بەگشتی}}{\text{ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی نیشتمانی}}$$

بـۆ دۆزینـەوەی بەرکەوتـەی هەڵبژاردنـی هەر قەوارەیەکی سیاسـی لەسـەر ئاسـتی هـەر بازنەیەکـی هەڵبژاردنـدا، ژمـارەی کـۆی دەنگـە دروسـتەکانی هـەر قەوارەیـەک بەسـەر کۆلکـەی نیشـتمانیدا دابەشـدەکەین‌و بەمـەش ژمـارەی کورسـییەکانی هـەر قەوارەیەکمـان لەهـەر بازنەیەکـی هەڵبژاردندا بـۆ دەردەکەوێـت.

ژمارەی کورسییەکانی قەوارەی سیاسی (لە بازنەیەکدا) = کۆی دەنگە دروستەکانی قەوارەیەک لەسەر ئاستی بازنە / کۆلکەی نیشتمانی

ئەگەر قەوارەی سیاسی لەقۆناغی یەکەمدا (کە دابەشکردنی کورسییەکانە لەچوارچێوەی بازنەدا) دەنگی مابۆوە، هەموو سەرەپاچەی دەنگەکانی ئەو قەوارەیە لەسەر ئاستی هەموو بازنەکانی هەڵبژاردنی وڵاتدا کۆدەکرێتەوەو جارێکی تر بەسەر هەمان کۆلکەی نیشتمانی قۆناغی یەکەمدا دابەشدەکرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی. ئەو کورسیانەی کە قەوارە سیاسییەکان لەم قۆناغەی دووەمی دابەشکردنی کورسییەکاندا بەدەستیدەهێنن دەگوترێت (کورسی لەسەر ئاستی نیشتمانی).




دابەشبوونی کورسییەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

## ( 2 ) : دابەشکردنی کورسییەکان لە قۆناغی دووەمدا:

زۆر بە دەگمەن روودەدات قۆناغی یەکەمی دابەشکردنی کورسییەکان تەواوبێتو ژمارەیەک دەنگی دروستی قەوارە سیاسییەکانو چەند کورسییەکی بەتاڵیش بەبێ دابەشکردن نەمێنێتەوە. بەو کورسیانەی کەدوای قۆناغی یەکەمی دابەشکردنی کورسییەکان ماونەتەوەو دابەشنەکراون دەگوترێت (کورسییە بەتاڵەکان- المقاعد الشاغره – Unfilled seats) . بە گەڕانەوەمان بۆ نموونەکانی پێشوو دەبینین لەگرتنەبەری (شێوازی دابەشکاری هەڵبژاردندا لەکۆی 5 کورسی 2 کورسی بەتاڵ، لەشێوازی ژمارەی یەکخراویشدا لەکۆی 5 کورسی 3 کورسی بەتاڵ) مابۆوە[6].

چەندین شێوازو میکانیزمە بۆ دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکانی قۆناغی دووەم داهێنراون کە هەریەکەیان کورسییە بەتاڵەکان بەلایەکدا دەبات کە خزمەت بەلایەنێک دەکاتو زیانی بۆ لایەنێکی تر دەبێت. لەهەموو بارێکدا هەوڵی دۆزینەوەی گونجاوترین شێواز دەدەین کە عەدالەتی هەڵبژاردن لەنێوان لایەنی براوەو دۆڕاودا بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەدیبهێنێت. با پێکەوە گەشتێک بەناو ئەو شێوازانەدا بکەین کە قۆناغی دووەمی دابەشکردنی کورسییەکان لەخۆدەگرێت:

6 لەهەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا 3 کورسی بەتاڵ مایەوەو بەپێی شێوازی (زۆرترین دەنگی ماوە) بەسەر هەریەک لە «حسک»و «حشک»و «ئاراستەی سێهەم»دا دابەشکرا.

## 1/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (زۆرترین دەنگی ماوە – الباقی الاقوی):

لـەدوای ئـەوەی ژمـارەی کوسـییەکان لەقۆناغی یەکەمـدا بەپێی «دابەشـکار هەڵبـژاردن» یاخـود «ژمـارەی یەکخـراو» بەسـەر قـەوارە سیاسـییە بەشـداربووەکانی پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا دابەشـدەکرێت، هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی بەوانـەی کورسـییان بەدەسـتهێناوە یـان بەدەسـتیاننەهێناوە ژمارەیـەک دەنگـی لێدەمێنێتـەوە لەگـەڵ مانـەوەی چەنـد کورسـییەکی دابەشـنەکراو (کورسـی بەتـاڵ)دا کـە لەچاوەڕوانـی قۆناغـی دووەمـدان بـۆ دابەشـکردنیان. ئەگـەر بمانەوێـت بەشـێوازی زۆرتریـن دەنگـی مـاوە کورسـییە بەتاڵـەکان دابەشـبکەین ئـەوا دەبێـت ئیش لەسـەر ئـەو دەنگانـە بکەیـن کـە هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی لـەزۆرەوە بـۆ کەمتـر لێـی ماوەتەوە. بـۆ روونکردنـەوەی مەبەسـتەکەمان، بـا نموونەکـەی پێشـوو بهێنینـەوەو شـێوازی «زۆرتریـن دەنگـی مـاوە»ی بەسـەردا پیادەبکەیـن:

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە (1) | دابەشکاری هەڵبژاردن (2) | ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر قەوارەیەک بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردندا (3) | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک (قۆناغی یەکەم) (4) | ئەو دەنگانەی لەهەر قەوارەیەک ماوەتەوە (5) | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک (قۆناغی دووەم) (6) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 15,000 | 2,333 | 2 | 5,000 | 2 |
| B | 21,000 | | 1,4 | 1 | 6,000 | 1 |
| C | 11,000 | | 0,733 | 0 | 11,000 | 1 |
| D | 8,000 | | 0,533 | 0 | 8,000 | 1 |
| کـۆی گشـتی | 75,000 دەنـگ | | | 3 کورسی | 30,000 دەنـگ | 5 کورسی |

بـۆ قۆناغـی دووەم دوو کورسـیو (30 هـەزار) دەنـگ ماوەتـەوە. ئەگـەر سـەیری دەنگەکانـی هەریـەک لەقـەوارە سیاسـییەکان بکەیـن، کـە لە(سـتوونی 5)دا ماونەتـەوە، دەبینیـن قـەوارەی سیاسـی (C) لەهەمـوو قەوارەکانـی تـر زیاتـر دەنگـی ماوەتـەوە کـە (11000) دەنگـە لەبەرئـەوە یەکێـک یـان یەکەمیـن کورسـی بەتـاڵ بـەر ئـەو قـەوارە سیاسـییە دەکەوێـت. لـەو کەمتـر قـەوارەی سیاسـی (D) دێـت کـە (8000) دەنگـی ماوەتـەوە لەبەرئـەوە کورسـییە بەتاڵەکـەی دووەمو کۆتایـی بـۆ ئـەو قـەوارە سیاسـییە دەڕوات. کەواتـە ئەنجامـی کۆتایی بەمشـێوەیەی لێدێـت:

{(A) 2 کورسی ، (B) 1 کورسی ، (C) 1 کورسی ، (D) 1 کورسی}

لێکدانەوەی ئەنجامەکان:

لەقۆناغـی یەکەمـدا تەنهـا هـەردوو قـەوارە گەورەکـە ( A ، B) کورسـییان بەدەسـتهێنابوو، بـەڵام لەقۆناغـی دووەمـدا هیچـکام لـەو دوو قەوارەیـە کورسـی بەتاڵیـان بەرنەکـەوت بەڵکـو بـەر قـەوارە بچوکترەکانـی تـر کـەوت، ئەمـەش پێماندەڵێـت کـە:

1- شـێوازی (زۆرتریـن دەنگـی مـاوە) لەبەرژەوەنـدی قـەوارە گـەورەکان نییـە چونکـە لەگەڵئـەوەی هـەردوو قـەوارە گەورەکـە ( A ، B) لەقۆناغـی یەکەمـدا کورسـییان بەدەسـتهێنا بـەڵام لەقۆناغـی دووەمـدا کورسـی بەتاڵیـان بەرنەکـەوت.

2- شـێوازی (زۆرتریـن دەنگـی مـاوە) لەبەرژەوەنـدی قـەوارە بچوکەکانـە، چونکـە سـەرباری ئـەوەی هـەردوو قـەوارە بچوکەکـە لەقۆناغـی یەکەمـدا، بەهـۆی نەگەیشـتنیان بەدابەشـکاری هاوبـەش، کورسـییان بەدەسـتنەهێنا بـەڵام لەقۆناغـی دووەمـدا کورسـییان بەرکـەوت.

## 2/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (بەهێزترین تێکرا- المعدل الاقوی):

بۆ دۆزینەوەی ئەم شێوازە ئەم ڕێکارانە دەگرینەبەر:

1- ژمارەی دەنگەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردندا دابەشدەکەین بۆ دۆزینەوەی ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک لەقۆناغی یەکەمدا. بۆ دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکان پەنادەبەینە بەر ئەم شێوازە.

2- بەپێی ئەو هاوکێشەیەی خوارەوە، (تێکرای هەڵبژاردن- المعدل الانتخابی) بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی دەردەهێنین:

$$\text{تێکرای هەڵبژاردن} = \frac{\text{کۆی دەنگە بەدەستهاتووەکانی قەوارەی سیاسی}}{\text{ژمارەی کورسییەکانی قەوارە سیاسییەکە لەقۆناغی یەکەمدا} + 1}$$

ئەم هاوکێشەیە بەواتای ئەوە دێت، ئەگەر یەکێک لەو کورسیانەی ماوەتەوە بۆ ژمارەی ئەو کورسییانە زیادبکەین کە قەوارەیەکی سیاسی لەقۆناغی یەکەمدا بەدەستیهێناوە، لەوکاتەدا نرخی کۆتایی هەر کورسییەکی ئەو قەوارەیە دەبێتە چەند.

3- تێکرای هەڵبژاردن بۆ هەر قەوارەکی سیاسی لە زۆرەوە بۆ کەم ریزبەند دەکرێتو یەکەم کورسی بەتاڵ دەدرێتە ئەو قەوارەیەی کە (بەهێزترین تێکرای) بەدەستهێناوە، پاشان کورسییە بەتاڵەکەی دووەم دەدرێتە ئەو قەوارەیەی کە تێکرای هەڵبژاردنەکەی لەوەی یەکەم کەمترەو لەوانی تر زیاترەو پرۆسەی دابەشکردنی کورسییە بەناڵەکان بەهەمان ئەم پێودانگە دەڕوات هەتا هەموو کورسییە بەتاڵەکان دابەشدەکرێت.

| کۆی کورسییەکانی کۆتایی هەر قەوارەیەکی سیاسی | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک (قۆناغی یەکەم) | تێکڕای هەڵبژاردنی هەر قەوارەیەکی سیاسی | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک (قۆناغی یەکەم) | ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر قەوارەیەک بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردندا | دابەشکاری هەڵبژاردن | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | ناوی قەوارە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | 1 | 11,666 | 2 | 2,333 | 15,000 | 35,000 | A |
| 1 | 0 | 10,500 | 1 | 1,4 | | 21,000 | B |
| 1 | 1 | 11,000 | 0 | 0,733 | | 11,000 | C |
| 0 | 0 | 8,000 | 0 | 0,533 | | 8,000 | D |
| 5 کورسی | 2 کورسی | | 3 کورسی | | | 75,000 دەنگ | کۆی گشتی |

وەک لەخشتەکەی سەرەوەدا دیارە، کورسی بەتاڵی یەکەم بەر قەوارەی سیاسی (A) کەوتووە لەبەرئەوەی خاوەنی بەهێزترین تێکڕای هەڵبژاردنە کە نرخی هەر کورسییەکی (11,666) دەنگی لەسەر کەوتووە، کورسی بەتاڵی دووەم بەر قەوارەی (C) کەوتووە کە نرخی هەر کورسییەکی ئەو قەوارەیە (11,000) دەنگە.

## 2/ دابەشکردنی کورسییەکان بە یەک قۆناغ

### أ/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی هۆندت (D’Hondt):

ئـەم شـێوازە لەلایـەن (ڤیکتـۆر هۆنـدت)ەوە دۆزراوەتـەوە کـە مامۆسـتای یاسـای مەدەنـی بـووە لەزانکـۆی (Gant)ی بەلجیکـی. بـۆ یەکەمینجـار لەهەڵبژاردنـی کانونـی یەکەمـی 1898دا لەبەلجیـکا پیادەکـرا. خاڵـی جیاکـەرەوەی ئـەم شـێوازە ئەوەیـە کـە راسـتەوخۆو بەیـەک قۆنـاغ دەگاتـە ئەنجامـی کۆتایـیو پێویسـتی بـە دابەشـکاری هەڵبـژاردنو قۆناغـی دووەم نییـە بـۆ دابەشـکردنی کورسـییەکان. کورتـەی ئـەم شـێوازە بریتییـە لـە دابەشـکردنی دەنگەکانـی هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی بەسـەر ژمارەکانـی (1،2،3،4،5،...)دا بەشـێوەیەکی ریزبەنـد، کەئەمـەش پشـت بـە ژمـارەی کورسـییەکانی ئـەو بازنـەی هەڵبژاردنـە دەبەسـتێت، واتـە ژمـارەی کورسـییەکانی نـاو بازنەیەکـی هەڵبـژاردن چەندێـک بێـت ئەوەندەجـار ژمـارەی دەنگەکانـی قـەوارە سیاسـییەکان بەسـەر ئـەو ژمارانـەدا دابەشـدەکرێت، بـۆ نموونـە ئەگـەر ژمـارەی کورسـییەکانی بازنـەی هەڵبژاردنەکـە 5 کورسـی بـوو ئـەوا ژمـارەی دەنگەکانـی هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی بەسـەر (1و2و3و4و5)دا دابەشـدەکرێت. دوای تەواوبوونـی دابەشـکردنەکەو دەرچوونـی ئەنجامەکان ئەوسـا زۆرتریـن ژمـارە کامەیـە دیاریدەکرێـت دواتـر ئـەو ژمارەیـەی لـەو کەمتـرە تادەگاتـە گەورەتریـن پێنجـەم ژمـارە (چونکـە ژمـارەی کورسـییەکانی بازنەکـە 5 کورسـییە). بـەو ژمارەیـەی کـە پێنجەمیـن گەورە ژمارەیـە دەگوترێـت (ئامـاژەی هاوبـەش) کـە لەنموونەکـەی خـوارەوەدا (11,000)ە.

بەپێـی ئـەو هاوکێشـەیەی خـوارەوە، دەسـتدەکەین بـە دابەشـکردنی ژمـارەی دەنگەکانـی هـەر قەوارەیـەک بەسـەر (ئامـاژەی هاوبـەش)داو

ئـەو ئەنجامانـەی دەسـتماندەکەوێت ژمـارەی کورسـییەکان دیاریدەکەیـن.

$$\text{ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک} = \frac{\text{ژمارەی دەنگەکانی قەوارەی سیاسی}}{\text{ئاماژەی هاوبەش}}$$

ئەگەرچـی لـەڕووی کـردەی حیسـابییەوە شـێوازی (هۆنـدت) و شـێوازی (بەهێزتریـن تێکـڕا) لەیەکتـری جیـاوازن بـەڵام هەردووکیـان هەمـان ئەنجامـی کۆتایـی بەدەسـتەوە دەدەن.

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | دابەشکردنی بەسەر ( 1 )دا | دابەشکردنی بەسەر ( 2 )دا | دابەشکردنی بەسەر ( 3 )دا | دابەشکردنی بەسەر ( 4 )دا | دابەشکردنی بەسەر ( 5 )دا | ژمارەی دەنگەکانی قەوارە سیاسی / ئاماژەی هاوبەش | کۆی کورسییەکانی قەوارە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 35,000 | 17,500 | 11,666 | 8,750 | 7,000 | 3,181 | 3 |
| B | 21,000 | 21,000 | 10,500 | 7,000 | 5,250 | 4,200 | 1,909 | 1 |
| C | 11,000 | 11,000 | 5,500 | 3,666 | 2,507 | 2,200 | 1,000 | 1 |
| D | 8,000 | 8,000 | 4,000 | 2,666 | 2,000 | 1,600 | 0,727 | 0 |
| کۆی گشتی | 75000 دەنگ | | | | کۆی کورسییەکان | | | 5 کورسی |

## ب/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (سانت لیگۆ)

ئـەم شـێوازە سـاڵی 1910 دۆزرایـەوەو بـۆ یەکەمینجـار لەهەڵبژاردنـی ساڵی 1951 لەنەرویـجو سـوید پیادەکـرا. ئـەم شـێوازە لـەڕووی هەنگـاوە حیسـابییەکانەوە هەمـان ڕێوشـوێنەکانی شـێوازی (هۆنـدت)ی هەیـە بەجیـاوازی ئـەوەی ژمـارەی دەنگەکانـی قـەوارە سیاسـییەکان لەشـێوازی (سـانت لیگـۆ)دا بەسـەر ژمـارە تاکەکانـی (9،7،5،3،1، ..)دا دابەشـدەکرێت نـەک بەسـەر ژمارەکانـی (5،4،3،2،1...) دا کـە لـە شـێوازی هۆندتـدا پیادەدەکرێـت.

لەکاتـی دەرهێنانـی ئەنجامـەکان بەشـێوازی (سـانت لیگـۆ)، لـەو قـەوارە سیاسـییەوە دەسـت پێدەکەیـن کەزۆرتریـن دەنگـی هێنـاوە، پاشـان ئـەو قەوارەیـە دێـت کەدەنگـی کەمتـری بەدەسـتهێناوە، بەوشـێوەیە تـا کۆتایـی:

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | دابەشکردنی بەسەر (1)دا | دابەشکردنی بەسەر (3)دا | دابەشکردنی بەسەر (5)دا | دابەشکردنی بەسەر (7)دا | دابەشکردنی بەسەر (9)دا | کۆی کورسییەکانی قەوارە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 35,000 | 11,666 | 7,000 | 5,000 | 3,888 | 2 |
| B | 21,000 | 21,000 | 7,000 | 4,200 | 3,000 | 2,333 | 1 |
| C | 11,000 | 11,000 | 3,666 | 2,200 | 1,571 | 1,222 | 1 |
| D | 8,000 | 8,000 | 2.666 | 1,600 | 1,142 | 888 | 1 |
| کۆی گشتی | 75.000 دەنگ | | | | | | 5 کورسی |

وەک لەخشـتەکەدا دیـارە، ئەنجامەکانـی ئـەم شـێوازە زۆر لـە ئەنجامـی شـێوازی (زۆرتریـن دەنگـی مـاوە) نزیکـەو دەرفەتـی زۆر دەداتـە قـەوارە سیاسـییە بچوکـەکان لەسـەر حیسـابی قـەوارە گـەورەکان کورسـی بەدەسـتبهێنن.

ئـەم شـێوازە لـە هەڵبژاردنـی 20ی نیسـانی سـاڵی 2013ی ئەنجومەنـی پارێزگاکانـی عێراقـدا تاقیکرایـەوەو بەهۆیـەوە ئەنجامـەکان لەبەرژەوەنـدی قـەوارە سیاسـییە بچوکـەکان شـکایەوە.

لەپێنـاو کەمکردنـەوەی ئـەو دەرفـەتو نـازە زۆرەی کـە شـێوازی (سـانت لیگـۆ) بـە پارتـە بچووکەکانـی دەدات، بەجۆرێـک کـە بەدەنگێکـی کەمـەوە چەنـد کورسـییەک بەدەسـتدەهێنن، ئـەو وڵاتانـەی ئەم شـێوازەیان پیادەدەکـرد دەسـتکارییان تێـدا کـردو شـێوازێکی نوێکراوەیـان داهێنـا بەنـاوی (سـانت لیگـۆی هەموارکـراو).

## ج/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (سانت لیگۆی هەموارکراو)

جیـاوازی نێـوان شـێوازی (سـانت لیگـۆ) و شـێوازی (سـانت لیگـۆی هەموارکـراو) تەنهـا لەوەدایـە کـە دەنگەکانـی قـەوارە سیاسـییەکان لەبـری ئـەوەی بەسـەر (1،3،5،7،9، ..)دا دابـەش ببـن بەسـەر (1,4، 3، 5، 7، 9، ..)دا دابەشـدەبن. واتـە تەنهـا ژمـارە (1) کراوەتـە ژمـارە (1,4)، بـەڵام لـەڕووی ئەنجامەکانـەوە گۆڕانێکـی زۆر روودەدات.

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | دابەشکردنی بەسەر (1,4)دا | دابەشکردنی بەسەر (3)دا | دابەشکردنی بەسەر (5)دا | دابەشکردنی بەسەر (7)دا | دابەشکردنی بەسەر (9)دا | کۆی کورسییەکانی قەوارە سیاسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 25,000 | 11,666 | 7,000 | 5,000 | 3,888 | 2 یان 3 |
| B | 21,000 | 15,000 | 7,000 | 4,800 | 3,000 | 2,333 | 1 یان 2 |
| C | 11,000 | 7,857 | 3,666 | 2,200 | 1,571 | 1,222 | 1 |
| D | 8,000 | 5,714 | 2.666 | 1,600 | 1,142 | 888 | 0 |
| کۆی گشتی | 78.000 دەنگ | | | | | | 5 کورسی |

لەپیادەکردنی شێوازی (سانت لیگۆی هەموارکراو) دا ئەنجامەکان لە شێوازی (بەهێزترین تێکرا)ەوە نزیکەو ئەگەر سەیربکەین قەوارە گەورەکانی (A ، B) لەکۆی پێنج کورسی 4 کورسییان بەردەکەوێت، لەکاتێکدا قەوارەیەکی بچووکی وەک (D) هیچ کورسییەک ناباتەوە لەکاتێکدا لە شێوازی (سانت لیگۆ)دا کورسییەک دەباتەوە.
لەئێستادا شێوازی (سانت لیگۆی هەموارکراو) لە سویدو نەرویج و بۆسنەدا پیادەدەکرێت، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (2014) بەشێوەی (1,6، 3، 5، 7، 9، ..) تاقیدەکرێتەوە.

## د/ دابەشکردنی کورسییەکان بەشێوازی (هارا)

ئەم شێوازە لەئەنجامی لێکدانی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنە لەگەڵ ژمارەی دەنگەکانی قەوارەی سیاسیو دابەشکردنیەتی بەسەر کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکانی ئەو بازنەیە. ئەگەر ئەمە بکەینە هاوکێشەیەکی بیرکاری بەم شێوەیەی لێدێت:

$$\text{ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک} = \frac{\text{ژمارەی کورسییەکانی بازنە X ژمارەی دەنگەکانی قەوارەی سیاسی}}{\text{کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکانی ئەو بازنەیە}}$$

ئەگەر شێوازی (هارا) بەسەر نموونەکەی پێشودا پیادەبکەین، ئەنجامەکەی بەم شێوەیەی لێدێت:

| ناوی قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە | ئەنجامی بڕی دابەشکردنی ژمارەی کورسییەکان لە ژمارەی دەنگەکانی هەر قەوارەیەک بەسەر ژمارەی دەنگە دروستەکانی بازنەدا | ژمارەی کورسییەکانی هەر قەوارەیەک |
|---|---|---|---|
| A | 35,000 | 2,333 =35000/75000*5 | 2 |
| B | 21,000 | 1,4= 21000/75000*5 | 1 |
| C | 11,000 | 0,733= 11000/75000* 5 | 1 |
| D | 8,000 | 0,533= 8000/75000*5 | 1 |
| کۆی گشتی | 75.000 دەنگ | | 5 کورسی |

شێوازی هارا، هەمان ئەنجامەکانی شێوازی (زۆرترین دەنگی ماوە-الباقی الاقوی) دەردەهێنێتەوە. ئەم شێوازە لە هەڵبژاردنی بۆندستاغ (پەرلەمان)ی ساڵی 1987ی ئەڵمانیای رۆژئاوادا پیادەکراوە، هەروەها ساڵی 1990 لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەلی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسیدا بەکارهێنراوە.

دیاریکردنی هەریەک لەو شێوازانەی دابەشکردنی کورسی لە سیستمی لیستی نوێنەرایەتی رێژەییدا، کاریگەری بەرچاوی هەیە بۆ سەر ئەنجامی قەوارە سیاسییە رکابەرەکان، بۆ نموونە لیستی دەوڵەتی یاسا لەنێوان دوو هەڵبژاردنی (2009) و (2013)ی پارێزگاکانی عێراقدا، بەهۆی گۆڕینی هاوکێشەی دابەشکردنی کورسییەکانەوە، 29 کورسی کەمیکرد، لەکاتێکدا ئەم لیستە لەهەڵبژاردنی 2013دا 27 هەزار دەنگی زیادیکردبوو.

## دووەم: سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە




هەریەک لە تۆماس هاری (1806- 1891) لەبەریتانیاو کارل ئەندرای لە دانیمارک، بەجیا لەیەکتر، توخمە پێکهێنەرانی سیستمی یەک دەنگی گوازراوەیان لەسەدەی نۆزدەدا داهێنا. ئەم سیستمە تەنها لەچەند دەوڵەتێکی کەمدا پیادەدەکرێت وەک: کۆماری ئێرلەندە لەساڵی (1921)ەوە، ماڵتا لەساڵی (1947)ەوە، بۆ جارێکیش لەساڵی (1990)دا لە ئیستۆنیا بەکارهێنرا. ئەم سیستمە بۆ هەڵبژاردنی هەریەک لە ئەنجومەنی پیرانو هەندێک لەهەرێمەکانی ئوستراليا، هەڵبژاردنەکانی یەکێتی ئەوروپا، هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکانی ئێرلەندەی باکورو سکۆتلەندەو هەندێک ئەنجومەنی کارگێڕیی نیوزلەنداو هەرێمی بریتشی کۆلۆمبیاش بەکاردەهێنرێت.

سیستمی یەک دەنگی گوازراوە واتا دەنگدەر یەک دەنگی هەیەو دەتوانێت بەسەر پاڵێوراوەکاندا دابەشی بکات. ئەم سیستمە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا پیادەدەکرێت کە فرە نوێنەر/ کورسی بێتو دەنگدەر پاڵێوراوان هەڵبژێرێت نەک لیستی حیزبی.

لــەم سیســتمەدا دەنگــدەر لەســەر کارتــی دەنگدانەکــەی، وەکئــەوەی لــە سیســتمی دەنگدانــی ئەڵتەرناتیڤــدا هەیــە، ژمــارە دەداتــە پاڵێــوراوەکان‌و لەباشــترینەوە بــۆ خــوارەوە ریزبەندیــان دەکات، بــۆ نمونــە دەنگــدەر ژمــارە (1) بــۆ باشــترین پاڵێــوراو دادەنێــت‌و ژمــارە (2) بــۆ پاڵێوراوێکــی تــر دادەنێــت، کــە لــەرووی نوێنەرایەتیکردنــی دەنگدەرەکــەوە، لــەدوای پاڵێــوراوی ژمــارە یەکــەوە دێــت، بــەم شــێوەیە ژمارەیــان دەداتــێ هەتــا هەمــوو پاڵێــوراوەکان بــژاردە دەکات.

زۆربــەی جــار ئەم بژاردانــە ئارەزوومەندانەیــەو مەرج نییــە دەنگدەر هەموو بژاردەکانــی بداتــە پاڵێــوراوەکان بەڵکــو دەتوانێــت تەنها یــەک بژاردەیان بۆ یــەک پاڵێــوراو بەکاربهێنێــت بەبێئــەوەی پاڵێوراوەکانــی تــر بــژاردە بــکات. دوای ئــەوەی هەمــوو دەنگــەکان دەژمێردرێــن‌و جیادەکرێنــەوە، بەپێــی هاوکێشــەی «کۆتــای درووپ»[7]، لانیکەمــی ژمــارەی ئەو دەنگانــە دیاریدەکرێت کــە پێویســتە پاڵێوراوێــک لەبازنــەی هەڵبژاردنەکەیــدا بەدەســتیبهێنێت بــۆ ئــەوەی دەربچێــت.

$$\text{کۆتای درووپ} = \frac{\text{ژمارەی دەنگەکانی بازنەکە}}{(\text{ژمارەی کورسییەکانی بازنەکە} + 1)} + 1$$

$$Quota = [\ (V / (S + 1)\ ] + 1$$

بەهــۆی ئــەو ریزکــردن و پلەبەندییــەی دەنگــدەر لەنێــوان پاڵێــوراوە هەڵبژێردراوەکانــی خۆیــدا ئەنجامیــدەدات و ئاســتی جیاوازیــان دەداتــێ، سیســتمی "یــەک دەنگی گوێــزراوە"ش وەک سیســتمی "دەنگــی ئەڵتەرناتیڤ" بەسیســتمی (دەنگدانــی بژاردەیــی) دادەنرێــت.

7 کۆتــای درووپ – Droop Cuota: لەنــاوی بیرمەنــدو بیرکاریناســی ســەدەی نۆزدەهــەم (H.R.Droop)ەوە داتاشــراوە. کۆتــای درووپ بەکاردەهێنرێــت بــۆ دیاریکردنــی لانیکەمــی ژمــارەی ئــەو دەنگانــەی کــە دەبێــت پاڵێوراوێــک بەدەســتیبهێێت بــۆ ئــەوەی کورســییەک بباتــەوە.

## دابەشکردنی کورسییەکان
## بەپێی سیستمی یەک دەنگی گوێزراوە:

پرۆسەی دەرهێنانی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنو دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پاڵێوراوەکاندا بەسیستمی یەک دەنگی گوێزراوە کارێکی ئاڵۆزەو بە زنجیرەیەک پرۆسەی ژماردندا دەڕوات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئەنجامی ژمارەی دەنگەکانی بژاردەی یەکەمی هەریەک لەپاڵێوراوەکان دوای جیاکردنەوەو ژماردن دەردەهێنرێت.
- کۆتای دروپ لەسەر ئاستی بازنەکە دەردەهێنرێت.

<u>بژاردەی یەکەم (First reference):</u>

- لەبژاردەی یەکەمدا ئەو پاڵێوراوەی ژمارەی دەنگەکانی یەکسان یان زیاتر بێت لە کۆتای دروپ، ئەوا راستەوخۆ براوەیە.
- ئەو دەنگانەی لە براوە/کانی بژاردەی یەکەم زیادەن بەسەر ئەو پاڵێوراوانەدا دابەشدەکرێن کە لەبژاردەی یەکەمدا ماونەتەوەو کورسییان نەبردۆتەوە. (بۆ تێگەیشتن لەم کردە حسابییە سەیری نموونەکەی خوارەوە بکە).
- دوای دابەشکردنی دەنگە زیادەکانی پاڵێوراوە براوەکانی بژاردەی یەکەم بەسەریاندا، ژمارەی دەنگەکانی هەر پاڵێوراوێکیان بگاتە کۆتای دیاریکراو ئەویش دەردەچێتو کورسی دەباتەوەو پاڵێوراوەکانی تر کە ژمارەی دەنگەکانیان ناگاتە کۆتای دیاریکراو بۆ بژاردەی دووەم دەمێننەوە.

بژاردەی دووەم (Second reference):

- لەم قۆناغەدا سەرەتا سەیری ژمارەی دەنگەکانی هەریەک لە پاڵێوراوەکان دەکەین، ئەو پاڵێوراوەی لەناویاندا دەنگەکانی لەهەموویان کەمترە دەکرێتەدەرەوە.
- دەنگەکانی ئەو پاڵێوراوەی کراوەتە دەرەوە بەسەر پاڵێوراوەکانی بژاردەی دووەمدا دابەشبکرێت.
- دوای دابەشکردنەکە، هەر پاڵێوراوێک ژمارەی دەنگەکانی بگاتە کۆتای دیاریکراو یان زیاتر بەبراوە ئەژماردەکرێت.
- ئەو دەنگانەی لەپاڵێوراوە براوەکان زیادەن جارێکی تر بەسەر پاڵێوراوەکانی بژاردەی دووەمدا دابەشدەکرێتەوەو هەر پاڵێوراوێک گەیشتە کۆتای دیاریکراو، کورسی دەباتەوەو ئەوانەشی ناگەنە ئەو کۆتایە بۆ بژاردەی سێهەم دەمێننەوەو پرۆسەکە بەهەمان شێوەی بژاردەی دووەم بەردەوامدەبێت هەتا هەموو کورسییەکانی بازنەکە دابەشدەکرێت.



## لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی  سیستمی یەک دەنگی گوازراوە:

1. ئـەم سیســتمە ڕێژەییبوونێکـی بەرچــاو لەئەنجامەکانیـدا بەرجەسـتە دەکات‌و چەندێـک ژمـارەی کورسـییەکانی بازنـەی هەڵبـژاردن زیادبـکات ڕێژەییبوونـی ئەنجامەکانیـش لـەڕووی فرەییـەوە زیاتردەبێـت.

2. کەمترین دەنگی تێدا بەفیڕۆدەڕوات.

3. دەرفـەت لەبـەردەم پاڵێوراوانـی پارتـە بچووکـەکان‌و قـەوارە سـەربەخۆکان‌و پێکهاتـە نەتەوەییەکانـدا دەڕەخسـێنێت نوێنەریـان بـۆ ئەنجومەنـە هەڵبژێـردراوەکان دەربچێـت.

4. ئـەم سیسـتمە هانـی پارتـە سیاسـییەکان دەدات بەشـێوەیەکی باشـتر ژیانـی ناوخـۆی خۆیـان ڕێکبخەنـەوەو کاربکـەن بـۆ ئـەوەی دەنگـی دەنگدەرانیـان ئاراسـتەی پاڵێوراوەکانیـان بکـەن بەجۆرێـک کەبردنـەوەی کورسـیان بـۆ مسـۆگەر بکـەن.

5. ئـەم سیسـتمە زەمینەیەکـی زۆر لەبـار لەبـەردەم بەشـداریکردنی پاڵێوراوانـی سـەربەخۆدا دەڕەخسـێنێت لەپرۆسـەی هەڵبژاردنـدا چونکـە پاڵێـوراو وەک تـاک بەبناغـە وەردەگرێـت نـەک وەک لیسـتی حیزبـی.

6. بازنەکانـی هەڵبژاردنـی ئـەم سیسـتمە بەگشـتی بچووکـەو پەیوەنـدی نێـوان دەنگـدەرو پاڵێـوراو بەهێـزە .

## لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی گوازراوە:

1. رێگە لەبەردەم پارتی بچووکدا دەگرێت کە پاڵێوراوی زۆری هەبێت، چونکە لەم بارەدا دەنگەکانی بەسەر پاڵێوراوەکانیدا دابەشدەبێت ئەمەش وادەکات ئەگەری بردنەوەی هیچکام لە پاڵێوراوەکانی نەبێت. لەمەش خراپتر ئەوەیە دەنگەکانیان دەچێتە خزمەتی پارتە گەورەکانو بەمەش ژمارەی کورسییەکانی ئەو پارتانە بەشێوەیەک زیاددەکات کە بتوانن زۆرینەی رەهای کورسییەکانی ناو پەرلەمان ببەنەوەو دەست بەسەر پێکهێنانی حکومەتدا بگرن.

2. ئەگەرچی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردن زیادبکات رێژەییبوونی ئەنجامەکانیش لەڕووی هەمەجۆرییەوە زیاتردەبێت، بەڵام ئەمە لەخۆیدا دەبێتەمایەی لاوازکردنی پەیوەندی نێوان دەنگدەرو نوێنەرەکانیان.

3. ئەم سیستمە دەبێتە مایەی دابەشکردنی حیزبەکان لەناوەوە لەبەرئەوەی کێبڕکێ لەنێوان پاڵێوراوانی یەک قەوارەی سیاسیدا دروستدەکات لەبەرئەوەی هەر پاڵێوراوێک هەوڵدەدات زۆرترین دەنگدەری حیزبەکانیان بۆ لای خۆیان رابکێشن.

4. پرۆسەی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکانی ئەم سیستمە ئاڵۆزەو ئەمەش هەمووان ناچاردەکات جارێکی تر دەنگەکان لەناوەندی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان جیابکرێنەوەو بژمێردرێنەوە کەدیارە ئەمەش مەترسی بۆ سەر پاکژیی هەڵبژاردنەکە دروستدەکات.

5. ئەم سیستمە لەڕووی تێگەیشتنو پیادەکردنەوە بۆ دەنگدەر ئاسان نییە لەبەرئەوەی زیاد لە بژاردەیەکی هەیە .

## چۆن دەنگەکان لە سیستمی هەڵبژاردنی یەک دەنگی گوێزراوەدا دەژمێردرێن؟



## تایبەتمەندی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی:

هەر سیستمێکی هەڵبژاردن لایەنی باش‌و خراپی هەیەو سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیش بەدەر نییە لەوە:

### - لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی :

- تارادەیەکی باش کێشی راستەقینەو دادپەروەرانە بۆ نوێنەرایەتیکردنی هێزو پارتە سیاسییەکان لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا دەردەخات، بەتایبەتی لەسیستمی نوێنەرایەتی سەرتاسەری دەوڵەتدا، دیارە هۆکاری سەرەکیشی ئەوەیە لەدابەشکردنی کورسییەکاندا کەمترین رێژەی دەنگ بەفیرۆدەروات.
- پارتە بچووکەکان ئاسانتر دەتوانن نوێنەرایەتییان لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا دەستبکەوێت‌و ئەمەش زەمینەی جۆرێک لە سەربەخۆییان بۆ دەرەخسێنێت.
- رێگە دەگرێت لەوەی پارتێکی سیاسی بە تەنیا حکومەتی رەها پێکبهێنێت، لەبەرئەوەی رێژەی بەفیرۆدانی دەنگەکان زۆر کەمە، ئەمەش لەخۆیدا دەبێتە مایەی دروستبوونی فرەیی سیاسی‌و لێرەشەوە زەمینە بۆ بە ئۆپۆزسیۆنبوون دەرەخسێت.
- پارتە سیاسییەکان، بەگەورەو بچووکیانەوە، دەتوانن لە لیستەکانیاندا جێگەی پاڵێوراوی هەمەجۆر لەسەر ئاستی ناوچەو ئەتنیک‌و رەگەز بکەنەوە..
- هانی بەشداربوونێکی بەرفراوانی دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکان دەدات‌و بەمەش رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران بەرزدەبێتەوە.
- سیستمی کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی‌و ئاینییەکانی لەگەڵدا دێتەوەو رێگە بۆ نوێنەرایەتیکردنیان لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا خۆشدەکات.
- رێگە بە دیاردەی گریماندەر نادات، کە بریتییە لە یاریکردن‌و دەستکاریکردنی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن بەتایبەتی لەو بارەدا کە سەرتاسەری وڵات تەنها یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت.

**- لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی:**

- زۆریو هەمەجۆری پارتە سیاسییەکان لەناو پەرلەماندا وادەکات:

1. پێکهێنانی حکومەت کارێکی پڕ گێرمەو کێشە بێت.
2. بەشـــێوەیەکی زەحمـــەت بڕیـــار لەنـــاو پەرلەمانـــدا وەربگیرێـــت. و کێشـــە دروســـتدەکاتو دەبێتەمایـــەی دروســـتبوونی حکومەتـــی هاوپەیمانێتـــی کەزۆرجـــار پێگەیەکـــی لاوازو ناســـەقامگیری دەبێـــتو ئەمـــەش لەخۆیـــدا ئەگـــەری ناســـەقامگیری سیاســـی زیاتـــردەکات.

- دەرهێنانـــی ئەنجامەکانـــی کۆتایـــی هەڵبژاردنـــەکان بەپێـــی ئـــەم سیســـتمەو بەبـــەراورد لەگـــەڵ سیســـتمی زۆرینـــەدا قورســـتترەو دەبێتەهۆی دواخســـتنی ئەنجامـــەکان کـــە ئەمـــەش ئەگـــەری ســـاختەکاریو یاریکـــردن بـــە دەنگـــەکان دەڕەخســـێنێت.

- دەبێتەهـــۆی کەرتکردنـــی پارتـــی سیاســـی، بەتایبەتـــی لەســـایەی لیســـتی نیمچەکـــراوەدا، چونکـــە هـــەر پاڵێوراوێـــک هەوڵ بـــۆ بەدەســـتهێنانی زۆرترین دەنـــگ دەدات لەســـەر حســـابی پاڵێوراوەکانـــی هاولیســـتەکەیو ئەوانـــی تـــر.

- دەرفـــەت لەبـــەردەم پارتـــی سیاســـی توونـــدڕەو و پەڕگیـــردا داناخـــاتو ئەگـــەری بەدەســـتهێنانی کورســـییان دەداتـــێ، وەک ئـــەوەی پارتـــی نەژادپەرســـتەکان (راسیســـت) لەهەڵبژاردنـــی ســـاڵی 2010ی پەرلەمانـــی ســـویددا رێـــژەی (5,7٪)ی دەنگەکانـــی بەدەســـتهێناوە کـــە دەکاتـــە (20 کورســـی) .

# خێزانی سێهەم: سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو

سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو بریتییە لەتێکەڵاوکردنی سیستمی زۆرینەو سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەیەکتر بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بۆ ناو ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی. ئەم تێکەڵاوکردنە لەوەوە سەرچاوەیگرتووە کە هیچکام لە سیستمی زۆرینەو سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بێ خەوش و کەموکوڕی نین، لەبەرئەوە هەندێک لەوڵاتان لە یاساکانی هەڵبژاردنیاندا پەنایان بردە بەر سوودوەرگرتن لەلایەنە ئەرێنیەکانی هەردوو سیستمەکەو لەدوو شێوازی موتوربەکراودا سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاویان داهێنا.

سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو دوو فۆرمی جیاواز لەیەکتریان هەیە کە ئەوانیش بریتین لە:

- سیستمی هاوتەریب
- سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو



ئەو وڵاتانەی لەجیهاندا سیستمی هاوتەریب پیادە دەکەن

## یەکەم: سیستمی هاوتەریب ( Parallel System ):

لەم سیستمەدا، هەردوو سیستمی زۆرینەو سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی، بەشێوەیەکی جیا لەیەکتر، بەکاردەهێنرێت بەبێئەوەی کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکانی یەکتر هەبێت.

لە سیستمی هاوتەیبدا، کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی بەسەر دوو بەشدا دابەشدەکرێن:

لە بەشێکیاندا وڵات دەکرێت بەچەند بازنەیەکی هەڵبژاردنی تاک نوێنەرایەتی/ یەک کورسی، یان چەند نوێنەرایەتی/ چەند کورسی. لەم بازنانەدا تەنها جۆرێک لەسیستمەکانی زۆرینە پەیڕەو دەکرێت (وەک براوەی یەکەم، دوو خولی، دەنگدانی قەوارە، قەوارەی حیزبی...هتد). بەشەکەی تری کورسییەکانیش لەرێگەی یەک بازنەی هەڵبژاردنەوە یان چەند بازنەیەکەوە بەسیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی هەڵدەبژێردرێن.

### - کارتی دەنگدانو بژاردەکان لەسیستمی هاوتەریبدا:

دەشێت ژمارەی کارتەکانی دەنگدانو بژاردەکانی دەنگدەر لە سیستمی هاوتەریبدا لەرێگەی یەکێک لەم دوو شێوەیەی خوارەوە تاقیبکرێنەوە:

* یەک کارتی دەنگدانو دوو بژاردە:

هەندێک لەو وڵاتانەی سیستمی هاوتەریب پیادەدەکەن، دەنگدەر لەرۆژی دەنگداندا یەک کارتی دەنگدان بەکاردەهێنێت بەڵام دوو بژاردە (اختیار) تاقیدەکاتەوە. واتە دەنگدەر لەسەر یەک کارتی دەنگدان دوو بژاردەی هەیە: بژاردەیەکیان بۆ قەوارەیەکی سیاسییەو بژاردەکەی تریان بۆ پاڵێوراوێکیەتی.

ئەو بژاردەیەی دەنگدەر دەیداتە پاڵێوراوەکە لەسەر ئاستی بازنەی یەک کورسی/ تاک نوێنەرایەتییەکە ئەژمار دەکرێتو کورسییەکە/ ان بەپێی سیستمی زۆرینە دابەشدەکرێت، بەڵام ئەو بژاردەیەی

دەنگـدەر دەیداتـە قـەوارە سیاسـییەکە لەسـەر ئاسـتی ئـەو بازنەیـە ئەژماردەکرێـت کـە بەپێـی سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی دیاریکـراوە. شـێوازی بەکارهێنانـی یـەک کارتـی لـە کۆریـای باشـووردا پەیڕەودەکرێت.

* دوو کارتی دەنگدان‌و دوو بژاردە:

لەهەندێـک وڵاتـی تـردا لـەرۆژی دەنگدانـدا دوو کارتـی دەنگـدان‌و دوو بـژاردە دەدرێتـە دەنگـدەر:

- دەنگـدەر لەسـەر کارتـی یەکەمیـان ئـەو بژاردەیـە تاقیدەکاتـەوە کەتایبەتە بـەو کورسـییە یـان ئـەو چەنـد کورسـییەی کـە لەبازنەیەکـی هەڵبژاردنـدا بەپێـی یەکێـک لـە سیسـتمەکانی زۆرینـە دابەشـدەکرێت.
- دەنگـدەر لەسـەر کارتـی دووەمیـان ئەو بژاردەیـە تاقیدەکاتەوە کـە تایبەتە بـەو کورسـیانەی بەپێـی سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی دابەشـدەکرێن.

شـێوازی بەکارهێنانـی دوو کارتـی، لەوڵاتانـی ژاپـۆن، تایلانـدو لیتوانیـادا پەیڕەودەکرێـت.

## - تەرخانکردنی کورسییەکان لەسیستمی هاوتەریبدا:

بەپێـی سیسـتمی هاوتەریـب، ژمـارەی ئـەو کورسـییانەی لەنێوان سیسـتمی زۆرینـەو نوێنەرایەتـی ڕێژەییـدا تەرخاندەکرێـن لەوڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر دەگۆڕێـت. بـۆ نموونـە لـە روسـیاو ئۆکرانیـاو ئەنـدۆرادا نیـوەی کورسـییەکان (50٪) بـۆ سیسـتمی زۆرینەیـەو نیوەکـەی تریشـی (50٪) بـۆ سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی تەرخانکـراوە. لـە وڵاتانـی وەک ئەرمینیـا، ژاپـۆن، پاکسـتان، ئازربایـنجـان، کازاخسـتان، لیتوانیـا، تاجیکسـتان، کینیـاو سـەنگالدا ڕێـژەی (60٪)ی کورسـییەکان لەڕێگـەی سیسـتمی زۆرینـەوە هەڵدەبژێردرێـت‌و ڕێـژەی (40٪)ەکـەی تریشـی بـە سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی هەڵدەبژێردرێـت. لـە تەیمـوری رۆژهەڵاتـدا، کـە پەرلەمانەکـەی لـە 88 کورسـی پێکهاتووە، 13 کورسـی بۆ سیسـتمی زۆرینەی سـادە (براوەی

یەکەم)ەو 75 کورسییەکەی تریشی بۆ سیستمی نوێنەرایەتی تەرخانکراوە. وەک دەزانرێت سیستمی زۆرینە چەند جۆرێکی هەیە، هەربۆیە لەسیستمی هاوتەریبدا ئەو کورسیانەی لەپاڵ سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیدا بەسیستمی زۆرینە هەڵدەبژێردرێن هەموو جۆرەکانی وەک (سیستمی زۆرینەی سادە، زۆرینەی رەها، دەنگدانی قەوارە یان دەنگدانی قەوارەی حیزبی) تێدایەو جۆرەکەی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. ئەو ئەنجامانەی سیستمی هاوتەریب بەشێوەیەکی گشتی دەیخاتەوە بریتییە لە رێژەیبوونێکی جیا لەنێوان هەریەک لەسیستمەکانی فرەیی/ زۆرینەو سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی.

- **نموونەیەکی گریمانەیی:**

با نموونەیەکی گریمانەیی لەسەر سیستمی هاوتەریب تاقیبکەینەوە، بەئامانجی تێگەیشتنی زیاتر لەسیستمی ناوبراو:

- ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان 100 کورسی بێت.
- کۆی ژمارەی دەنگە دروستەکان (1,969000) بێت.
- (50٪)ی کورسییەکان بەپێی (سیستمی زۆرینە/ براوەی یەکەم) بەسەر (50) بازنەدا دابەشبکرێت.
- سەرتاسەری وڵات یەک بازنەی هەڵبژاردنەو (50٪)ی کورسییەکان، بەپێی (سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی/ لیستی داخراو) دابەشدەکرێت.
- لەرۆژی هەڵبژاردندا دوو کارتی دەنگدان دەدرێتە دەنگدەر (دەکرێت یەک کارتیش بێت بەڵام بە دوو بژاردەوە):

<u>کارتی یەکەم:</u> تایبەتە بەهەڵبژاردنی پاڵێوراوەکانی هەریەک لە پەنجا بازنەکەی هەڵبژاردنی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بۆ هەر بازنەیەک کارتێکی تایبەتی بۆ دروستبکرێت چونکە هەر بازنەیەک پاڵێوراوی تایبەت بەخۆی هەیە کەجیاوازە لە پاڵێوراوی بازنەکانی تر.

<u>کارتی دووەم:</u> تایبەتە بەهەڵبژاردنی قەوارە سیاسییەکان لەسەر ئاستی یەک بازنەی هەڵبژاردن.

| پاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەکان | کورسییەکان لەسەر ئاستی بازنەکان/ بەسیستمی زۆرینە | قەوارە سیاسییەکان | دەنگ بە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی | کورسییەکان لەسەر ئاستی وڵات/ بەسیستمی ڕێژەیی | کۆی گشتی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| پاڵێوراوانی A | 16 | قەوارەی A | 744000 | 19 | 35 |
| پاڵێوراوانی B | 15 | قەوارەی B | 477000 | 13 | 28 |
| پاڵێوراوانی C | 12 | قەوارەی C | 351000 | 9 | 21 |
| پاڵێوراوانی D | 3 | قەوارەی D | 187000 | 5 | 8 |
| پاڵێوراوانی E | 2 | قەوارەی E | 118000 | 3 | 5 |
| پاڵێوراوانیF | 0 | قەوارەیF | 92000 | 3 | 3 |
| کۆی گشتی | 50 | کۆی گشتی | 1,969000 | 50 | 100 |

لێکدانەوە:

* پاڵێوراوەکانی قەوارەی سیاسی (A)، بەپێی کارتی یەکەم، لەکۆی پەنجا بازنەی هەڵبژاردن، لە 16 بازنەیاندا براوەی یەکەم بوونو بەمەش 16 کورسییان بەدەستهێناوە.

هەمان قەوارەی سیاسی، بەپێی کارتی دووەم، لەسەر ئاستی وڵات (744000) دەنگی بەدەستهێناوە. ئەگەر ئەم ژمارەیە بەپێی سیستمی ڕێژەیی بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردندا دابەشبکەین، ئەنجامەکەی دەکاتە 19 کورسی:

کۆی دەنگی بەدەستهاتووی قەوارەکە

دابەشکاری هەڵبژاردن = ―――――――――――――

ژمارەی کورسییەکان

= 1969000 دەنگ ÷ 50 کورسی = 39380 دەنگ/ کورسی

کەواتە ئەنجامی قەوارەی سیاسی (A) =

744000 دەنگ ÷ 39380 دەنگ/ کورسی = 19 کورسی

* ئەگـەر سـەرنجی پاڵێوراوەکانـی قـەوارەی سیاسـی (F) بدەیـن، دەبینیـن لـە کـۆی پەنجـا بازنەکـەی هەڵبـژاردن، هیـچ کورسـییەکیان نەبردۆتـەوە، بـەڵام وەک لیسـتەکە (92000) دەنگی لەسـەر ئاسـتی وڵات بەدەسـتهێناوە، لەبەرئـەوە 3 کورسـی بردۆتـەوە.

## دەرەنجام:

لــە نموونــە گریمانەییەکــەدا، بــەو دەرەنجامــە دەگەیــن، کــە سیســتمی هاوتەریـب لەیەککاتـدا کار بەهـەردوو سیسـتمی (زۆرینـە) و (نوێنەرایەتی رێژەیــی) دەکات، بــەڵام ئەنجامــی دەنگــە بەدەســتهاتووەکانی هیــچ سیســتمێکیان تێکــەڵ بــەوی تریــان نــاکات، بەڵکــو بەشــێوەیەکی هاوتەریــبو جیــا لەیەکتــر، مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکات.

## لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمی هاوتەریب:

1. ئـەم سیستـمە سـوودی لـە لایەنـە بـاش‌و ئەرێنیەکانـی هـەردوو سیسـتمی هەڵبژاردنـی زۆرینـەو سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی وەرگرتـووە.

2. ئـەم سیسـتمە عەدالەتـی نوێنەرایەتیکردنـی بەپێـی ناوچـەی جوگرافـی دابینـدەکات ئەویـش لـەو ناوچانـەدا کـە یەکێـک لـە جۆرەکانـی سیسـتمی زۆرینـەی تێـدا پیادەدەکرێـت، بەتایبەتیـش ئەگـەر لەجـۆری (بـراوەی یەکـەم) بێـت.

3. ئـەم سیسـتمە دەرفەتـی بردنـەوە دەداتە نوێنەرانـی پێکهاتـە نەتەوەیی‌و ئاینییـەکان بەهـۆی سـوودوەرگرتنیان لەسیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیی بەتایبەتـی ئەگـەر سەرتاسـەری وڵات یـەک بازنـەی هەڵبـژاردن بێت .

4. بەهـۆی ئـەو دوو بژاردەیـەی لەبـەردەم دەنگدەردایـە، دەنگـدەر دەتوانێـت مـەودای ئازادییەکـەی فراوانتـر بێـت، بەجۆرێـک لەیەککاتـدا دەتوانێـت دەنـگ بـە پارتێـک‌و پاڵێوراوێـک بـدات، جـا ئـەو پاڵێـوراوە سـەر بەهەمـان ئـەو پارتـە بێـت یـان سـەر بـە پارتێکـی سیاسـی تـر بێـت یاخـود تەنانـەت سـەربەخۆ بێـت.

## لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمی هاوتەریب:

1. ئـــەم سیســـتمە لایەنـــە خـــراپو ئەرێنیەکانـــی هـــەردوو سیســـتمی هەڵبژاردنـــی زۆرینـــەو سیســـتمی نوێنەرایەتـــی ڕێژەیـــی لەگـــەڵ خۆیـــدا هەڵگرتـــووە.

2. ئـەو نوێنەرانـەی بەپێـی سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی تـەواو دەچنـە نـاو پەرلەمانـەوە بەشـێوەیەکی یەکسـان نوێنەرایەتـی پارێزگـاو قـەزاو ناحییـەکان ناکـەنو بەمـەش ناعەدالەتـی لەنوێنەرایەتیکردنـی ناوچـە جوگرافییـە جیاوازەکانـدا دروسـتدەبێت.

3. ئـــەم سیســـتمە ئاڵـــۆزەو تێگەیشـــتنی لەلایـــەن دەنگـــدەرانو قـــەوارە سیاســـییەکانەوە ئاســـان نییـــە بەتایبەتـــی لـــەڕووی کارتـــی دەنگـــدانو دابەشـــکردنی کورســـییەکان لەنێـــوان لیســـتە بەشـــداربووەکانی هەڵبژاردنـدا کـە ڕەنگـە لـەو وڵاتانـەی لەقۆناغـی گواسـتنەوەدان بـەرەو دیموکراسـی دووچـاری هەندێـک کێشـەی سیاسـی ببنـەوەو ئەمـەش کاریگـەری خراپـی دەبێـت بـۆ سـەر سـەقامگیری وڵات.

4. لەبـاری وازهێنانـی یەکێـک لـەو نوێنەرانـەی بەهـۆی سیسـتمی زۆرینەوە دەرچـوون (بەهـۆی هەر هۆکارێکـەوە بێـت)، پێویسـتدەکات هەڵبژاردنی لابـەلاو تـەواوکاری (الانتخابـات الفرعيـە والتكميليـە) ئەنجامبدرێتـەوە کـە ئەمـەش پرۆسـەیەکی زەحمەتـەو دەبێـت سـەرلەنوێ ئامـادەکاری بـۆ ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن بکرێتـەوە.

## شێوەو ڕێژەی تەرخانکردنی کورسییەکان لەو وڵاتانەی سیستمی هاوتەریب پیادەدەکەن

| ن | وڵاتان | ژمارەی کورسییەکان بە نوێنەرایەتی ڕێژەیی | ژمارەی کورسییەکان بە سیستەمی زۆرینە/ فەردیی | جۆری سیستەمی زۆرینە/فەردیی | کۆی گشتی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەندۆرا | (50%) 14 | (50%) 14 | قەوارەی حیزبی | 28 |
| 2 | ئەرمینیا | (43%) 56 | (57%) 75 | براوەی یەکەم | 131 |
| 3 | ئازەربایبنجان | (20%) 25 | (80%) 100 | دوو خولی | 125 |
| 4 | جۆرجیا | (64%) 150 | (36%) 85 | دوو خولی | 235 |
| 5 | جیونیا | (67%) 76 | (33%) 38 | براوەی یەکەم | 114 |
| 6 | ژاپۆن | (38%) 180 | (62%) 300 | براوەی یەکەم | 480 |
| 7 | کازاخستان | (13%) 10 | (87%) 67 | دوو خولی | 77 |
| 8 | کۆریای باشور | (19%) 56 | (81%) 243 | براوەی یەکەم | 299 |
| 9 | لیتوانیا | (50%) 70 | (50%) 71 | دوو خولی | 141 |
| 10 | مۆناکۆ | (33%) 8 | (67%) 16 | دەنگی قەوارە | 24 |
| 11 | پاکستان | (20%) 70 | (80%) 272 | براوەی یەکەم | 342 |
| 12 | فلیپین | (20%) 52 | (80%) 208 | براوەی یەکەم | 260 |
| 13 | روسیا | (50%) 225 | (50%) 225 | براوەی یەکەم | 450 |
| 14 | سنگال | (46%) 55 | (54%) 65 | قەوارەی حیزبی | 120 |
| 15 | سیچیل | (36%) 9 | (74%) 25 | براوەی یەکەم | 34 |
| 16 | تایوان | (22%) 49 | (78%) 176 | یەک دەنگی نەگوێزراوە | 225 |
| 17 | تاجیکستان | (35%) 22 | (65%) 41 | دوو خولی | 63 |
| 18 | تایلاند | (20%) 100 | (80%) 400 | براوەی یەکەم | 500 |
| 19 | تەیموری خۆر | (85%) 75 | (15%) 13 | براوەی یەکەم | 88 |
| 20 | تونس | (80%) 52 | (20%) 37 | قەوارەی حیزبی | 189 |
| 21 | ئۆکرانیا | (50%) 225 | (50%) 225 | براوەی یەکەم | 450 |

## دووەم: سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو (MMP)

لـە سیسـتمی هاوڕێژەیـی ئەندامێتـی تێکـەڵاودا، سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی قەرەبـووی ئـەو دەنگانـە دەکاتـەوە، کـە لەڕێگـەی یەکێـک لـە سیسـتمەکانی فرەیـی/ زۆرینـەوە (کـە زۆرجـار سیسـتمی بـراوەی یەکەمە)، نەیتوانیـوە لـە بازنەکانـی هەڵبژاردنـدا کورسـی بەدەسـتبهێنێت. واتـە ئەگـەر هـەر قەوارەیەکـی سیاسـی لەسـەر ئاسـتی هـەر بازنەیەکـی یـەک نوێنەرایەتیـدا، کورسـی بەدەسـتنەهێنابوو، لەوکاتـەدا دەنگەکانـی لەسـەر ئاسـتی کـۆی بازنەکانـی تـری هەڵبژاردنـی وڵاتـدا بـۆ کۆدەکرێتـەوەو بـەو ئەندازەیـە کورسـی پێدەدرێـت کـە بەپێـی سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی لەسـەر ئاسـتی وڵات بەریدەکەوێـت. بـۆ نموونـە ئەگـەر قەوارەیەکـی سیاسـی لەکـۆی 100 بازنـەی هەڵبژاردنـی تـاک کورسـیدا تەنها 5 کورسـی بردبـۆوە، لەوکاتـەدا کـۆی ئـەو دەنگانـەی بـۆ کۆدەکرێتـەوە کـە لەسـەر ئاسـتی 95 بازنـەی هەڵبژاردنەکـەی تـر بەدەسـتیهێناوە، دواتـر بەپێـی سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـیو لەسـەر ئاسـتی دابەشـکاری هەڵبژاردنـی نیشـتمانی، لەپـاڵ ئـەو پێنـج کورسـییەی بەدەسـتیهێناوە، کورسـی تریشـی بەردەکەوێـت.

### - کارتی دەنگدانو بژاردەکان لەسیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا

دەنگـدان لـە سیسـتمی هاوڕێژەیـی ئەندامێتـی تێکـەڵاودا لەڕێگـەی یـەک کارتـی دەنگدانەوەیـە بـەڵام دەنگـدەر بژاردەکانـی بـە دوو شـێوە تاقیدەکاتـەوە:

* یەک کارتی دەنگدانو یەک بژاردە:

هەندێـک لـەو وڵاتانـەی سیسـتمی هاوڕێژەیـی ئەندامێتـی تێکـەڵاو

پەیرەودەکەن تەنها لەرێگەی بژاردەی پاڵێوراوەکانی سەر کارتی دەنگدانەکەوە ئەم سیستمە پیادەدەکەن. واتە قەوارە سیاسییەکان تەنها لەرێگەی پاڵێوراوەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، لەمکاتەدا دەنگدەر تەنها یەک بژاردەی لەبەردەمدایە کە ئەویش دەنگدانیەتی بە یەکێک لە پاڵێوراوەکانی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکەی. دوای دەنگدان بەپاڵێوراوەکان، شێوەی کورسییەکان بەم شێوەیە دابەشدەکرێت:

- سیستمی زۆرینە: لەچوارچێوەی ئەو بازنەی هەڵبژاردنەی دەنگدەر دەنگی بەپاڵێوراوەکە داوە ئەو پاڵێوراوە کورسییەکە/ان دەباتەوە کە زۆرترین دەنگی بازنەکەی بەدەستهێناوە.

- سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی: کۆی ژمارەی دەنگی پاڵێوراوەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی لە هەموو بازنەکانی هەڵبژاردندا (بەدەر لەوانەی کورسی تێدا بردۆتەوە) کۆدەکرێتەوەو بەسەر دابەشکاری هەڵبژاردنی نیشتمانیدا دابەشدەکرێتو بەوەش ژمارەی کورسییە براوەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی دیاریدەکرێت.

❊ <u>یەک کارتی دەنگدانو دوو بژاردە:</u>

هەندێکی تر لەو وڵاتانەی سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو پەیرەودەکەن، دەنگدەر لەرێگەی یەک کارتی دەنگدانەوە دوو بژاردە دەخرێتە بەردەستی:

- بە بژاردەیەکیان بردنەوەی پاڵێوراوێک یان چەند پاڵێوراوێکی قەوارە سیاسییەکان، لەچوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا، تاقیدەکاتەوە، کەدیارە لەمەدا دەنگەکان بەپێی یەکێک لە سیستمەکانی فرەیی/ زۆرینە دەگۆردرێن بۆ کورسی پەرلەمان، کە زیاترو زیاتر شێوازی براوەی یەکەمە.

- بە بژاردەکەی تریشیان قەوارەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی بازنەیەکی هەڵبژاردنی گەورەتر تاقیدەکاتەوە، کەدیارە لەمەدا

دەنگە بەدەستهاتووەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەپێی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، دەگۆڕدرێن بۆ کورسی پەرلەمان، ئەمەش لە ئەڵمانیاو نیوزلەندەدا پیادەدەکرێت.

## جیاوازی نێوان سیستمی هاوتەریب لەگەڵ سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵودا

لێکچوونێکی زۆر لەنێوان سیستمی هاوتەریبو سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا هەیە، بەتایبەتی لەڕووی بەکارهێنانی هەردوو سیستمی زۆرینەو نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە، بەڵام ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیانە ئەوەیە کە:

1- لە سیستمی هاوتەریبدا، پەیوەندییەکی دەرەکی لەنێوان سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییو سیستمی زۆرینەدا هەیە بەجۆرێک کەئەنجامەکانی هیچ سیستمێکیان کارناکاتە سەر ئەنجامەکانی ئەویتریان .

2- لە سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا، سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە پەیوەندییەکی ناوەکیدایە لەگەڵ سیستمی زۆرینەداو لەهەوڵی قەرەبووکردنەوەو دروستکردنی هاوسەنگییەکی ڕێژەییدایە بۆ ئەو دەنگانەی لەبازنەکانی هەڵبژاردنی تاک نوێنەرایەتیدا، بەهۆی سیستمی زۆرینەوە، فەوتاونو نەگەیشتوونەتە کورسی پەرلەمان.

واتە لەسیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا، سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەموو دەنگە فەوتاوەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی لەسەر ئاستی هەموو بازنەکانی هەڵبژاردن کۆدەکاتەوەو ڕێژەی دەنگەکانیان لەسەر ئاستی نیشتمانی دەردەخات تا بەو ئەندازەیە کورسی پەرلەمانیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە.


YOU HAVE 2 VOTES 30001

| PARTY VOTE | | ELECTORATE VOTE |
| --- | --- | --- |
| *Explanation* This vote decides the share of seats which each of the parties listed below will have in Parliament. Vote by putting a tick in the circle immediately after the party you choose. | OFFICIAL MARK | *Explanation* This vote decides the candidate who will be elected Member of Parliament for the AORAKI ELECTORATE. Vote by putting a tick in the circle immediately before the candidate you choose. |

| Vote for only one party | Vote for only one candidate |
| --- | --- |
| BUSINESS PARTY | BROWN, John |
| UNION PARTY | EGGERS, Fiona |
| SOCIAL DEMOCRAT PARTY | HENKEL, Graeme |
| HERITAGE PARTY | JOHNS, Wayne |
| WORKER'S LEAGUE | LADD, Karen |
| ENVIRONMENTAL PROTECTION PARTY | McINNES, Mavis |
| LIBERTY PARTY | PERO, Jonathan |
| FREE TRADE PARTY | STARR, Ruth |
| FREEDOM PARTY | WEISS, Mike |
| CHATHAM ISLANDS PARTY | |
| KOTAHITANGA PARTY | |
| NZ FABIEN PARTY | |
| NZ SOCIALIST PARTY | |
| TRANSUBSTANTIATION PARTY | |

نمونەیەک لەکارتی دەنگدانی سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو

<u>تەرخانکردنی کورسییەکان لەسیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاودا:</u>

ژمارەی ئەو کورسییانەی لەم سیستمەدا لەنێوان سیستمی زۆرینەو نوێنەرایەتی ڕێژەییدا تەرخاندەکرێن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە وڵاتی لیسۆتۆ 80 کورسی بەپێی سیستمی براوەی یەکەم هەڵدەبژێردرێتو 40 کورسیش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو لاسەنگییەیە کە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەو هەشتا کورسییەوە دروستدەبن. لەکاتێکدا ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی ئەڵمانیا (بۆندستاگ) 598 کورسییەو کراوە بە دوو نیوەوەو هەر 299 کورسییەکی بەپێی یەکێک لە دوو سیستمەکە بەسەر پاڵێوراوە براوەکاندا دابەشدەکرێن.

| شێوەو ڕێژەی تەرخانکردنی کورسییەکان لەو وڵاتانەی سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو پیادەدەکەن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ن | وڵاتان | ژمارەی کورسییەکانی سیستمی زۆرینە/ فرەیی | ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی | جۆری سیستمی زۆرینە/فرەیی | کۆی گشتی کورسییەکان |
| 1 | ئەڵمانیا | (50%) 299 | (50%) 299 | براوەی یەکەم | 598 |
| 2 | ئیتاڵیا | (75%) 475 | (25%) 155 | براوەی یەکەم | 630 |
| 3 | نیوزلەندا | (58%) 70 | (42%) 51 | براوەی یەکەم | 121 |
| 4 | هەنگاریا (مەجەڕ) | (46%) 176 | (54%) 210 | دوو خولی | 386 |
| 5 | مەکسیک | (60%) 300 | (40%) 200 | براوەی یەکەم | 500 |
| 6 | لیسۆتۆ | (67%) 80 | (33%) 40 | براوەی یەکەم | 120 |
| 7 | پۆلیڤیا | (52%) 68 | (48%) 62 | براوەی یەکەم | 130 |
| 8 | ئەلبانیا | (71%) 100 | (29%) 40 | براوەی یەکەم | 140 |
| 9 | فەنزویلا | (61%) 100 | (39%) 65 | براوەی یەکەم | 165 |

## لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو:

1. ئـەم سیسـتمە، خەسـڵەتە باشـەکانی سیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی تێدایـەو ڕێژەییبـوون لەئەنجامەکانـدا بەرجەسـتە دەکات.
2. بەهـۆی پیادەکردنـی سیسـتمی زۆرینـەوە نوێنـەرە هەڵبژێـردراوەکان پەیوەندییەکـی جوگرافـی پتەویـان بەدەنگدەرانـەوە دەبێـت‌و ئەمـەش دەرفەتـی پرسـینەوە لەنوێنـەران دەسـتەبەردەکات .
3. لەدەسـتچوونی دەنـگ لەم سیسـتمەدا کەمـە بەهـۆی قەرەبووکردنەوەی سیسـتمی لیسـتی نوێنەرایەتـی بـۆ دەنگـە فەوتاوەکانـی یەکێـک لـە سیسـتمەکانی زۆرینـە.
4. بەهـۆی ئـەو دوو بژاردەیـەی لەبـەردەم دەنگدەردایـە، دەنگـدەر دەتوانێـت لەسـەر ئاسـتی بازنـەی هەڵبژاردنەکـەی دەنـگ بـۆ لیسـتی

حیزبێـک بـداتو لەهەمانکاتـدا دەنـگ بـە پاڵێوراوێکـی لیسـتەکەش بدات، تەنانـەت ئەگـەر دوو کارت لەهەڵبژاردنەکـەدا بەکاربهێنرێـت مـەودای ئازادییەکـە بـۆ دەنگـدەر فراوانتـر دەبێـتو دەتوانێـت لەیەککاتـدا دەنـگ بـە لیسـتێکو پاڵێوراوێکـی دەرەوەی ئـەو لیسـتەش بـدات.

5. ئەم سیستمە دەرفەت لەبەردەم فرەیی حیزبیدا دەڕەخسێنێت.
6. بەهـۆی سـوودوەرگرتنیان لەسیسـتمی نوێنەرایەتـی ڕێژەیـی، دەرفەتـی بردنـەوە دەداتـە نوێنەرانـی پێکهاتـە نەتەوەیـیو ئاینییـەکان بەتایبەتـی ئەگـەر سـەرتاسـەری وڵات بۆیـان یـەک بازنـەی هەڵبـژاردن بێـت.

## لایەنە خراپو نەرێنیەکانی سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو:

1. هەموو لایەنە خراپەکانی لیستی داخراوی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەخۆیدا بەرجەستەدەکات وەک:

- زاڵبوونی سەرکردایەتی پارتی سیاسی بەسەر ریزبەندیی پاڵێوراوەکان.
- لاوازی لـە بەدیهێنانـی پرەنسـیپی نوێنەرایەتیکردنـی جوگرافـیو نەبوونـی پەیوەندییەکـی پتـەو لەنێـوان دەنگـدەرو نوێنـەری هەڵبژێـردراودا.

2. لەبـاری وازهێنانـی یەکێـک لـەو نوێنەرانـەی بەهـۆی سیسـتمی زۆرینەوە دەرچـوون، پێویسـتدەکات هەڵبژاردنـی لابـەلاو تـەواوکاری ئەنجامبدرێتەوە کـە ئەمـەش پرۆسـەیەکی زەحمەتـەو دەبێت سـەرلەنوێ ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکرێتەوە.
3. ئـەو پاڵێوراوانـەی لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی دەردەچـن تەنهـا هەسـت بـە لێپرسـراوێتی دەکـەن بەرامبـەر بـە حیزبەکانیـان چونکـە بەهـۆی دەنگەکانـی حیزبەکەیانـەوە کورسـی پەرلەمانیـان بردۆتـەوە.
4. پێویسـتی بـە نەخشەکێشـانی بازنەکانـی هەڵبـژاردن هەیـە بەشـێوەیەکی ورد.
5. ئەم سیستمە، بەراورد بە زۆرێک لە سیستمەکانی تر، ئاڵۆزترە.

# خێزانی چوارەم: چەند سیستمێکی هەڵبژاردنی تر

## یەکەم: سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە (SNTV)

لـەم سیسـتمەدا دەنگـدەر تەنهـا دەنـگ بـە یـەک پاڵێـوراوی نـاو لیسـتێکی قـەوارەی سیاسـی دەدات. ئـەم سیسـتمە لـە بازنەیەکـی هەڵبژاردنـی فـرە نوێنەرایەتیـدا ئەنجامدەدرێـتو ئـەو پاڵێوراوانـە کورسـی دەبەنـەوە کـە زۆرتریـن دەنگیـان بەدەسـتهێناوە. ئـەو وڵاتانـەی سیسـتمی یـەک دەنگـی نەگوێزراوەیـان تێـدا پیادەدەکرێـت بریتیـن لـە: ئـوردون، ئەفغانسـتان، تایلانـدو ئەنجومەنـی پیرانـی ئەندەنوسـیا.

- **نموونەیەکی گریمانەیی:**

ژمارەی پاڵێوراوان: 6

ژمارەی کورسییەکان: 4 کورسی

ڕێژەی بردنەوەی یەک کورسی: 25٪

ئەگـەر پاڵێوراوانی لیسـتێکی سیاسـی لـە (50٪)ی دەنگەکانیان بەدەسـتهێنا، لەوکاتـەدا 2 کورسـی بـەر دوو پاڵێـوراوی ئـەو لیسـتە سیاسـییە دەکەوێـت کـە زۆرتریـن دەنگیـان بەدەسـتهێناوە. بـەڵام ئەگـەر ئەنجامەکـە وابـوو کـە پاڵێوراوانـی لیسـتی (A) لـە (80٪)ی دەنگەکانـی بازنـەی هەڵبژاردنەکـەی بەدەسـتهێناو لیسـتی (B) لـە (20٪)ی دەنگەکانـی بەدەسـتهێنا، لەوکاتـەدا لیسـتی (A) هـەر چـوار کورسـییەکە دەباتـەوەو لیسـتی (B) هیـچ کورسـییەکی بەرناکەوێـت.

## لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە:

1. لـەو بازنـە هەڵبژاردنانـەی کـە قەبارەیەکـی گەورەیـان هەیـەو ژمـارەی نوێنەرەکانیـان زۆرە، سیسـتمی یـەک دەنگـی نەگوێـزراوە، تارادەیـەک، دەرفـەت دەداتـە کەسـایەتییە سـەربەخۆکان‌و هێـزە بچوکـەکان‌و پێکهاتـە نەتەوەیـی‌و ئاینییـەکان لەپەرلەمانـدا پشـکیان لەنوێنەرایەتیکردنـدا هەبێـت.
2. هانـی پارتـە سیاسـییەکان دەدات کـە لـەڕووی ڕێکخسـتنی ناوخـۆوە، خۆیـان زیاتـر کۆبکەنـەوەو کاربکـەن بـۆ ئاڕاسـتەکردنی دەنگدەرانیـان لەپێنـاو دابەشـکردنی دەنگەکانیـان هەتـا بتوانـن بردنـەوەی کورسـی مسـۆگەر بکـەن.
3. تێگەیشـتن‌و پیادەکردنـی ئـەم سیسـتمە لەسـەر ئـەرزی واقیـع لەلایـەن بکەرەکانـی پرۆسـەی هەڵبژاردنـەوە ئاسـانە.

## لایەنە خراپ‌و نەرێنیەکانی سیستمی یەک دەنگی نەگوێزراوە:

1. لـەو بازنانـەی هەڵبـژاردن کـە قەبارەیـان گەورەیـە تارادەیـەک ڕێژەییبـوون لەئەنجامەکانـدا دەسـتەبەردەکات بـەڵام پەیوەنـدی نێـوان دەنگـدەرو نوێنـەران لاوازدەکات.
2. ئـەم سیسـتمە ڕێگـە بەقـەوارە بچووکـەکان نـادات ژمارەیەکـی زۆر لـە پاڵێوراوانیـان هەبێـت لەبەرئـەوەی دەنگەکانیـان بڵاودەبێتـەوەو ئەگـەری بەدەسـتهێنانی کورسـی پەرلەمانیـان زۆر کەمدەبێتـەوە.
3. لەهەندێـک بـاردا لەسیسـتمی زۆرینـەی بـراوەی یەکـەم دەچێـت لـەڕووی فەوتانـی دەنگـی قـەوارە سیاسـییە بچووکـەکان‌و بردنـەوەی زۆرینـەی ڕەهـا لەلایـەن قـەوارە سیاسـییە گەورەکانـەوە.
4. بـەو پێیـەی دەنگـدەر پاڵێـوراو بـژاردە دەکات نـەک قـەوارەی سیاسـی، کێبرکـێ لەنێـوان پاڵێوراوانـی یـەک قـەوارەی سیاسیشـدا دروسـتدەکات‌و ئەمـەش دەبێتەهـۆی لاوازکردنـی رایەڵـەی حیزبـی.
5. بـەو پێیـەی دەنگـدەر تەنهـا یـەک بـژاردەی لەبەردەمدایـە، ناتوانێـت دەنگ بـەو پاڵێوراوانـەی تـر بـدات کـە بەلایـەوە پەسـەندن، واتـە ئـەم سیسـتمە دەنگدەرێـک دروسـتدەکات کـە پەیوەندییەکـی سـتراتیژی‌و کۆنکرێتـی بـە پارتێکـی سیاسـییەوە هەبێـت.

## دووەم: سیستمی دەنگی سنوردار (LV)

ئـــەم سیســـتمە مامەڵـــە لەگـــەڵ پاڵێـــوراودا دەكات بەتەنیـــا وەک تاکێـــک، واتـــە ئـــەو ئەنجامـــەی پاڵێوراوێـــک لەهەڵبژاردنـــدا بەدەســـتیدەهێنێت لەگـــەڵ ئەنجامەكانـــی هیـــچ پاڵێوراوێكـــی تـــردا كۆناكرێتـــەوە بەڵكـــو بـــە تەنیـــا بـــۆ خۆیەتـــی.

سیســـتمی دەنگـــی ســـنوردار لـــە بازنـــەی هەڵبژاردنـــی فـــرە نوێنەر/ كورســـیدا پیادەدەكرێـــت. دەنگـــدەر زیـــاد لـــە بژاردەیەكـــی هەیـــە بـــەڵام دەبێـــت كـــۆی بژاردەكانـــی لەكـــۆی ژمـــارەی كورســـییەكانی بازنـــەی هەڵبژاردنەكـــە كەمتـــر بێـــت. لەهەڵبژاردنـــدا ئـــەو پاڵێوراوانـــە كورســـی پەرلەمـــان دەبەنـــەوە كـــە زۆرتریـــن دەنگیـــان بەدەســـتهێناوەو ئـــەوەش بەپێـــی ژمـــارەی كورســـییەكانی بازنـــەی هەڵبژاردنەكـــە دەبێـــت.

سیســـتمی دەنگـــی ســـنوردار لـــە وڵاتانـــی جەبـــەل تاریـــق و هەڵبژاردنـــی ئەنجومەنـــی پیرانـــی ئیســـپانیادا پیادەدەكرێـــت.

### نمونەیەكی گریمانەیی:

كۆی دەنگی دروست: (50000- پەنجا هەزار) دەنگ

ژمارەی كورسییەكان: 3 كورسی

بازنە: فرە نوێنەرایەتی

ژمارەی پاڵێوراوان: 5 كە ئەنجامەكانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- پاڵێوراوی A : 8000 دەنگ
- پاڵێوراوی B : 15000 دەنگ
- پاڵێوراوی C : 12000 دەنگ
- پاڵێوراوی D : 10000 دەنگ
- پاڵێوراوی E : 5000 دەنگ

براوەی كورسییەكان: پاڵێوراوەكانی (B) و (C) و (D)

## لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی  سیستمی دەنگی سنوردار:

1. پرۆسەی دەنگدان بۆ دەنگدەران زۆر ئاسانە.
2. جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان زۆر ئاسانە.
3. دەرفـەت دەداتـە کەسـایەتی سـەربەخۆ بـۆ خۆپاڵاتـن لەپرۆسـەی هەڵبژاردنـدا بەتایبەتـی ئەگـەر مەرجەکانـی خۆپاڵاوتـن ئاسـان بـن.
4. تارادەیەکـی زۆر دەنگـدەر لەژێـر هەژموونـی حیزبـی سیاسـیدا دەردەهێنێـت.
5. دەنگـدەر لەرێگـەی پاڵێـوراوەوە دەنـگ بـە قـەوارەی سیاسـی دەدات نـەک بەپێچەوانـەوە.
6. ئـەم سیسـتمە بـۆ بازنـەی هەڵبژاردنـی قەبـارە بچـووک دەبێـتو بەمـەش پەیوەنـدی نێـوان دەنگـدەرو نوێنـەرەکان پتـەو دەبێـت.

## لایەنە خراپ‌و نەرێنیەکانی  سیستمی دەنگی سنوردار:

ئـەو ئەنجامانـەی بەهـۆی ئـەم سیسـتمەوە دەردەچێـت رێژەییبوونـی کەمتـرە لەچـاو سیسـتمی یـەک دەنگـی نەگوێـزراوە.

## سێیەم: سیستمی بۆردا (BC)

ئـەم سیسـتمە، وەک سیسـتمی دەنگـی سـنوردار، پشـت بـە پاڵێـوراوی تـاک دەبەسـتێتو لەسـەر ئاسـتی بازنـەی تـاک نوێنەرایەتـیو فـرە نوێنەرایەتیش بەکاردەهێنرێت.

دەنگـدەر لەسیسـتمی بـۆردادا، بەهەمـان شـێوەی سیسـتمی هەڵبژاردنـی ئەڵتەرناتیـڤ و سیسـتمی یـەک دەنگـی گوێـزراوە، لەرێگـەی دانانـی ژمـارە لەسـەر کارتـی دەنگـدان ریزبەنـدی بـۆ پاڵێـوراوەکان دەکاتو بەپێـی ژمـارەی کورسـییەکانی ئـەو بازنەیـە بەهایەکـی دیاریکـراو دەداتـە هەریەک لەپاڵێـوراوەکان، لەکاتێکـدا دەنگـدەر مافـی ئەوەشـی هەیـە کـە تەنهـا یـەک ژمـارە بـۆ یـەک پاڵێـوراو دابنێـتو هیـچ ژمارەیـەک بـۆ پاڵێوراوەکانـی تـر دانەنێـت.

لـەم سیسـتمەدا ئـەو پاڵێوراوانـە کورسـی پەرلەمـان دەبەنەوە کـە زۆرترین بژاردەی ژمارەکانیان بەدەسـتهێناوە.

لـە سیسـتمی بـۆردادا، یـەک دەنـگ دابەشـکراوە بەسـەر چەنـد بژاردەیەکـدا کـە هەریەکەیـان خـۆی لـە بەهـای ژمارەیەکـی دیاریکـراودا دەبینێتـەوە.

تەنهـا یـەک پرۆسـەی ژمـاردن بـۆ بژاردەکانـی هـەر پاڵێوراوێـک بەجیـا ئەنجامدەدرێـت کەتێیـدا کـۆی ئـەو بژاردانـەی بـۆ کۆدەکرێنـەوە کـە پاڵێوراوەکـە بەدەسـتیهێناوە. بەپێـی ئـەم سیسـتمە ژمـارە (1) بەهـای تەواوەتـی وەردەگرێـتو ژمـارە (2) نیـوەی ئـەو بەهایـەو ژمـارە (3) یـەک لەسـەر سـێ وەردەگرێـتو بـەو شـێوەیە هەتـا کۆتایـی. هـەر پاڵێوراوێـک، بەپێـی ئـەو بژاردانـەی بەدەسـتیهێناوە، بەهـای ئـەو ژمارانـەی بـۆ کۆدەکرێتـەوەو بـەوەش ئەنجامـی کۆتایـی دەنگەکانـی هـەر پاڵێوراوێـک بەجیـا دەردەهێنرێتـو ئـەو پاڵێوراوانـەی زۆرتریـن دەنگیان بەدەسـتیهێناوە، بەپێـی ژمـارەی کورسـییەکانی بازنـەی هەڵبژاردنەکـە، کورسـی پەرلەمـان دەبەنـەوە. ئـەم سیسـتمە تەنهـا لەوڵاتـی نـاورۆ پیادەدەکرێـت کـە دورگەیەکـی سـەربەخۆیە لەئۆقیانوسـی هێمنـدا.

## نمونەیەکی گریمانەیی:

ژمارەی پاڵێوراوان: 5

ژمارەی کورسی: 3

**پاڵێوراوی (A)**

: (200) بژاردەی ژمارە (1)ی بەدەستهێناوە ($200=1\times200$).
: (300) بژاردەی ژمارە (2)ی بەدەستهێناوە ($1/2\times300 = 150$)
: (21) بژاردەی ژمارە (3)ی بەدەستهێناوە ($1/3\times21 = 7$)
: (16) بژاردەی ژمارە (4)ی بەدەستهێناوە ($1/4\times16 = 4$)

کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتووەکانی پاڵێوراوی (A) = 361 دەنگ

**پاڵێوراوی (B)**

: (175) بژاردەی ژمارە (1)ی بەدەستهێناوە ($200=1\times175$).
: (350) بژاردەی ژمارە (2)ی بەدەستهێناوە ($1/2\times350 = 175$)
: (27) بژاردەی ژمارە (3)ی بەدەستهێناوە ($1/3\times27 = 9$)
: (12) بژاردەی ژمارە (4)ی بەدەستهێناوە ($1/4\times12 = 3$)

کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتووەکانی پاڵێوراوی (B) = 387 دەنگ

**پاڵێوراوی (C)**

: (95) بژاردەی ژمارە (1)ی بەدەستهێناوە ($95=1\times95$).
: (380) بژاردەی ژمارە (2)ی بەدەستهێناوە ($1/2\times380 = 190$)
: (33) بژاردەی ژمارە (3)ی بەدەستهێناوە ($1/3\times33 = 11$)
: (8) بژاردەی ژمارە (4)ی بەدەستهێناوە ($1/4\times8 = 2$)

کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتووەکانی پاڵێوراوی (C) = 298 دەنگ

**پاڵێوراوی (D)**

: (125) بژاردەی ژمارە (1)ی بەدەستهێناوە ($125=1\times125$).
: (130) بژاردەی ژمارە (2)ی بەدەستهێناوە ($1/2\times130 = 65$)
: (99) بژاردەی ژمارە (3)ی بەدەستهێناوە ($1/3\times99 = 33$)
: (24) بژاردەی ژمارە (4)ی بەدەستهێناوە ($1/4\times24 = 8$)

کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتووەکانی پاڵێوراوی (D) = 231 دەنگ

پاڵێوراوی (E)

: (260) بژاردەی ژمارە (1)ی بەدەستهێناوە (260=1×260).
: (376) بژاردەی ژمارە (2)ی بەدەستهێناوە (188 = 1/2×376)
: (18) بژاردەی ژمارە (3)ی بەدەستهێناوە (6 = 1/3×18)
: (20) بژاردەی ژمارە (4)ی بەدەستهێناوە (5 = 1/4×20)

کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتووەکانی پاڵێوراوی (E) = 459 دەنگ

پاڵێوراوە براوەکان بریتین لە: پاڵێوراوی (E) ، پاڵێوراوی (B) ، پاڵێوراوی (A)

پرسیار: ئەگەر بازنەی هەڵبژاردنەکە لەم نموونەیەی سەرەوەدا تاک نوێنەرایەتی بێت، بەپێی سیستمی بۆردا کام پاڵێوراو کورسییەکە دەباتەوە؟

وەڵام: پاڵێوراوی براوە بریتی دەبێت لە: پاڵێوراوی (E)

### لایەنە باش‌و ئەرێنیەکانی سیستمی بۆردا:

1. ژمارەیەکی کەم لەدەنگەکان بەفیڕۆ دەڕوات، بەبەراورد بە سیستەمەکانی زۆرینە.
2. مافی چەند بژاردەیی دەداتە دەنگدەر بەهەڵبژاردنی نوێنەرانیان لەسەر ئاستی تاکە پاڵێوراو نەک سەپاندنی چەند ناوێک لە لایەن لیستی حیزبەوە.
3. ئەم سیستمە دەچێتە خانەی ڕێژەییبوونەوە، بەڵام ئەو ڕێژەییبوونە لەخزمەتی پاڵێوراوەکاندایە نەک حیزبەکان.
4. ئەم سیستمە تەباو گونجاوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی فرەیی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و ئاینییان تێدایە.

### لایەنە خراپ‌و نەرێنیەکانی سیستمی بۆردا:

1. جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان وردەکاری زۆری دەوێت.
2. تێگەیشتنی لەلایەن دەنگدەرانەوە ئاسان نییە.

# چەند پرس و بابەتێکی تایبەت بە هەڵبژاردن

## ڕێژەی بەربەست (نسبة الحسم) لەهەڵبژاردنەکاندا

ئـەم زاراوەیـە لەدنیـای هەڵبژاردنـدا بریتییـە لـە لانیکەمـی ئـەو دەنگانـەی کـە پێویسـتە قەوارەیەکـی سیاسـی لەهەڵبژاردنـدا بەدەسـتیانبهێنێت بۆئـەوەی کورسـی پەرلەمـان یـان ئەنجومەنـە هەڵبژێـردراوەکان بباتـەوە. ڕێـژەی بەربەسـت لـەدوو جـۆردا خـۆی دەبینێتـەوە: یەکەمیـان (ڕێـژەی بەربەسـتی فەرمی یـان یاسـایی)ەو دووەمیشـیان دەرەنجامێکی حیسـابییەو پێشـوەخت دیارینەکـراوە بەڵکـو دەرهاویشـتەی سیسـتمی هەڵبژاردنـەو پێیدەگوترێت (ڕێژەی بەربەستی کردەگی یان سروشتی).

### 1. ڕێژەی بەربەستی فەرمی (یاسایی):

ئـەم جـۆرە لـە دانانـی بەربەسـت لەنـاو دەسـتور یـان مـاددەی یاسـاییدا بـە ژمارەیـەک دیاریکـراوە. ئامانجـی سـەرەکی ئەمـەش بـۆ داخسـتنی دەرگـای پەرلەمانـە بـەرووی گروپگەلـی سیاسـی بچـووک یـان هەندێکجـار مامناوەنـددا لەروانگـەی ئـەوەی کـە دەوڵـەت/ یاسـادانەر بەشـێوەیەک لەشـێوەکان ئـەم گروپانـە بـە هەڕەشـە دەزانێـت بـۆ سـەر پرۆسـەی سیاسـیو دیموکراسـی.

ڕێـژەی بەربەسـتی یاسـایی لەجیهانـدا لەنێـوان (0,67٪)ی هۆڵەنـداو (10٪)ی دەوڵەتـی تورکیادایـە، ئـەم ڕێژەیـە لـە فەلەسـتیندا دەگاتـە (8٪)، لـە ئەڵمانیـاو روسـیاو نیوزیلەنـدەو پۆڵەنـدە (5٪)، لەسـوید (4٪)، لـە ئیسـرائیل (1,5٪). دانانـی ڕێـژەی بەربەسـتی فەرمـی (یاسـایی) دەبێتەهـۆی لەدەسـتدانی ژمارەیەکـی زۆر لـە دەنگـی قـەوارە سیاسـییە بەشـداربووەکانو ڕۆیشـتنی بـۆ هەندێکـی تریان، بـۆ نموونـە لەهەڵبژاردنی تورکیـای سـاڵی 2002دا ژمارەیـەک لەپارتـە سیاسـییەکان نەیانتوانـی

ریـێژەی (10٪)ی کـۆی ژمـارەی دەنگـەکان بەدەسـتبهێنن‌و بەمـەش ٪46ی کـۆی دەنگـەکان لەکیسـچوون، یاخـود لەهەڵبژاردنـی سـاڵی 1993ی پۆڵەنـدەدا دانانـی بەربەسـت بەریـێژەی ٪5 بـۆ پارتـی سیاسـی‌و ٪8 بـۆ هاوپەیمانێتـی پارتـەکان بووەهـۆی لەدەسـتدانی ٪34ی دەنگـی دروسـتی هەندێـک پـارت‌و هاوپەیمانـی‌و رۆیشـتنی دەنگـەکان بـۆ هەندێـک پارت‌و هاوپەیمانێتـی تـر.

لەیاسـای ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992 یاسـای هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان-عێراقدا کـە یەکەمیـن هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتانی پێئەنجامـدرا، ریـێژەی بەربەسـتی یاسـایی (٪7) بـوو، ئەمـەش بووەهـۆی بێبەشـکردنی چەنـد قەوارەیەکـی سیاسـی لەخولـی یەکەمـی پەرلەمانـی کوردسـتانداو ئەمـەش زەمینـەی بـۆ ئـەوە رەخسـاند کـە کورسـییەکانی پەرلەمـان بەشـێوەی پەنجـا بـە پەنجـا بەسـەر یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان‌و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا دابەشـبکرێن لەکاتێکـدا ئـەو دوو قـەوارە سیاسـییە تەنهـا (٪88.66)ی دەنگەکانیـان بەدەسـتهێنابوو ، واتـە ئـەو ریـێژە دەنگـەی کـە قـەوارە سیاسـییەکانی تـر بەدەسـتیانهێنابوو، کـە بەهەمووی دەیکـردە (٪11,34)، هیچ کورسـییەکیان نەبـردەوە.

لەهەمـوو بارێکـدا بوونـی ریـێژەی بەربەسـتی فەرمـی (یاسـایی) دەبێتەمایـەی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ناهاوسـەنگی‌و بەرجەسـتەکردنی ئـەوەی پێیدەگوترێـت «بێدادیـی لەنوێنەرایەتیکـردن»دا، چونکـە بەهـۆی ئەو بەربەسـتەوە هەندێـک پارتـی سیاسـی کورسـی پەرلەمـان بەدەسـتناهێنن لەکاتێکـدا ئەگـەر ئـەو ریـێژەی بەربەسـتە نەبێـت ئەوانـە کورسـی نوێنەرایەتـی لەنـاو پەرلەمانـدا بەدەسـتدەهێنن.

## 2. ڕێژەی بەربەستی کردەگی یان سروشتی[8]:

لەسیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا «دابەشکاری هەڵبژاردن»ە کە دەبێتە ڕێژەی بەربەستی کردەگیو هەر قەوارەیەکی سیاسی ئەو ڕێژەیە لەدابەشکارییەکە بەدەستنەهێنێت کورسی ناباتەوە، بەڵام لە بەکارهێنانی شێوازی (زۆرترین دەنگی ماوەو هارا نیمەر) لەقۆناغی دووەمی دابەشکردنی کورسییەکاندا ئەو ڕێژەی بەربەستە دادەبەزێتەخوار، کە ئەمەش دەرفەت بۆ قەوارە سیاسییە بچوکەکان دەرەخسێنێت لەخوار ڕێژەی دابەشکاری هەڵبژاردنیشەوە کورسی پەرلەمانیان دەستبکەوێت.

ڕێژەی بەربەست لە سیستمی فرەیی/ زۆرینە (براوەی یەکەم)دا بەرزترە لەچاو سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا چونکە لەم سیستمەدا تەنها ئەو قەوارە سیاسییانە کورسی دەبەنەوە کە زۆرترین دەنگی بازنەی هەڵبژاردنەکەیان بەدەستهێناوەو ئەوانی تر بێبەشدەکرێن لەکورسی/یەکانی تر.

لەعێراقدا ئەو ڕێژەی بەربەستە بەشێوەیەکی فەرمیو یاسایی لەیاسای هەڵبژاردنەکانیدا دیاری نەکراوە بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها خۆی لە «دابەشکاری هەڵبژاردن- القاسم الانتخابی»دا دەبینێتەوەو بەمەش دەگوترێت (بەربەستی کردەگی یان سروشتی).

لەهەرێمی کوردستانیشدا جگە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان کە ڕێژەی بەربەستی فەرمی (یاسایی) تێدا پیادەکراوە لەهەموو هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمو سێیەمو چوارەمدا تەنها ڕێژەی بەربەستی کردەگی یان سروشتی هەبووە کە لەقۆناغی یەکەمی دابەشکردنی کورسییەکاندا خۆی لە «دابەشکاری هەڵبژاردن»و لەقۆناغی دووەمی دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکانیشدا خۆی لە زۆرترین ماوەی دەنگدا، دەبینێتەوە.

---

8 نسبة الحسم العملي او الطبيعي.

# پارتی سیاسیو سیستمی هەڵبژاردن

پارتە سیاسییەکان بزوێنەرو جوڵێنەری سەرەکی هەر هەڵبژاردنێکن، تا ئەو ئاستەی بەبێ بوونی پارتی سیاسی، هەڵبژاردن ناوەڕۆکو جەوهەری خۆی، تا رادەیەکی زۆر، لەدەستدەدات. پەیوەندییەکی وابەستەیی هەیە لەنێوان سیستمی هەڵبژاردنو جۆرو شێوازی کارکردنو گوتاری سیاسیو بەرنامەی سیاسی پارتی سیاسیدا.

لەو سیستمانەی کە نوێنەرایەتی ڕێژەییەو وڵات یەک بازنەی هەڵبژاردنە، پارتی سیاسی کەمتر پێویستی بە سەرکردەی ناوچەییو بەرنامەی ناوچەیی دەبێت، بەڵکو زۆرترین رۆڵو چالاکی بۆ سەرکردە نیشتیمانییەکانی پارتی سیاسیەو ئەوان لیستی کاندیدەکان دەستنیشاندەکەن، واتا کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەری داخوازییە ناوچەییەکانەوە، بەڵام هەر لە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا ئەگەر وڵات بۆ چەند بازنەیەک دابەشبکرێتو لیستی نیمچە کراوە پەیرەو بکرێت، واتا دەنگدەر لەیەککاتدا دەنگ بە لیستی پارتی سیاسیو بە پاڵێوراوی پارتی سیاسیش بدات، ئەوکاتە پێویستە لەسەر پارتی سیاسی کە سەرکردەو گوتارو بەرنامەیان لەسەر ئاستی بازنە جیاجیاکانی هەڵبژاردن سازو ئامادە بکەن، چونکە دەنگدەری بازنەیەکی هەڵبژاردن کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری پاڵێوراوی بازنەکانی تر.

هەر لەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا، لەسەر ئاستی وڵات زۆرترین پارتی سیاسی بەشداری هەڵبژاردن دەکاتو زۆرترین پارتی سیاسی دروستدەبێت، چونکە سیستمەکە یارمەتیدەرە، لەبەرئەوەی کەمترین دەنگی فەوتاوی هەیەو هەموو دەنگەکان لەسەر ئاستی بازنەکە بۆ پارتە سیاسیەکە کۆ دەکرێتەوەو سودی لێدەبینێت بۆ بردنەوەی کورسی، بەپێچەوانەی سیستمی زۆرینە، کە وڵات بۆ چەندین بازنە دابەشدەکرێتو دەنگی پارتی سیاسیە دۆڕاوەکان ئەگەر نەگاتە ئاستی بردنەوە، دەفەوتێت.

لەسایەی سیستمی نوینەرایەتی ڕێژەییدا هەمیشە زۆرترین پارتی سیاسی دەبێتە خاوەنی نوێنەرایەتی لە پەرلەمانەکانو بەئەستەم حکومەتی زۆرینە دروست دەبێت یان هەر دروست نابێت، بەڵکو حکومەتەکان بە هاوپەیمانی دروست دەبنو حکومەت کێشەی سیاسی زۆری دێتەرێ، چونکە لەچەند پارتێکی سیاسی پێکهاتووەو پارتە سیاسیەکانیش جۆرێک لە رکابەری لەنێوایاندا هەیە، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر ئەدای حکومەتو سیاسەتەکانی، نمونەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراق.

بەلاّم لە سیستمی زۆرینەدا، بە هەموو جۆرەکانییەوە، کە نوێنەرایەتی پەرلەمان لەسەر ئاستی ناوچە بچووکەکان دەبێت، هەر ناوچەیەک نوێنەرێک یان زیاتری دەبێت، پارتی سیاسی لەسەر ئاستی بازنەکان تایبەتمەندی خۆی دەبێت، پێویستە ڕێکخستنەکانی لەسەر بنەمای سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن ڕێکبخاتەوە، هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن یەکەیەکی ڕێکخستنی لێدروستدەکرێت کە تارادەیەک تایبەتمەندیو سەربەخۆیی خۆی هەیە، چونکە گوتارو سیاسەتی ئەو پارتە سیاسیە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لەسەر بنەمای ئەو بازنەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها کەسایەتیە کاریگەرەکانی پارتی سیاسیش لەبازنەکانی خۆیاندا کاریگەری زۆر دەکەنە سەر ڕێژەو ژمارەی دەنگ بۆ پارتەکەیان.

بەگشتی سیستمی زۆرینە بەوە ناسراوە، کە دوو پارتی سیاسی سەرەکی پێشبرکێی بردنەوەی زۆرینەی پەرلەمان دەکەنو زەمینەی دروستبوونو گەشەکردنو بەهێزبوونی پارتی سیاسی دیکە زۆر لاوازە، نمونەی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا. بەلاّم لەسایەی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا، زۆرترین پارتی سیاسی دەبێتە خاوەنی کورسی پەرلەمان، زۆر جار حکومەتیش لە هاوپەیمانی چەند پارتێکی سیاسی دروستدەبێت نەک تەنها یەک پارتی سیاسی.

# بازنەی هەڵبژاردنو پێوەرەکانی

مەبەست لە بازنەی هەڵبژاردن، ئەو ناوچە جوگرافیەیە کە بۆ مەبەستی هەڵبژاردن سنورەکەی دیاریدەکرێت، کە ژمارەیەکی دیاریکراو دەنگدەری هەیەو کورسییەک یان چەند کورسییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەنجومەنە هەڵبژاێردراوەکان. روبەرو ژمارەی کورسییەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بە پێی سیستمی هەڵبژاردنی دەوڵەتانو بنەما یاساییەکانی دابەشکردنی کورسییەکان دەگۆڕێت.

دابەشکردنی دەوڵەت بۆ بازنەی هەڵبژاردن بە پێی سیستمی هەڵبژاردنەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە وڵاتی یەمەن ژمارەی بازنەکان یەکسانە بە ژمارەی کورسییەکانی پارلەمان، بەڵام لە هۆڵەنداو ئیسرائیل هەموو وڵات یەک بازنەی هەڵبژاردنە، لە عێراقیش دەوڵەت دابەشکراوە بۆ 18 بازنەی هەڵبژاردنو هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردنە.

ئەو پێوەرانەی بازنەکانی هەڵبژاردن دیاریدەکەن بریتین لە:

1- <u>پێوەری دەستوریو قانونی</u>: واتا بە پێی دەستور یان یاساکانی هەڵبژاردن، قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنو ژمارەی کورسییەکانی دیاریدەکرێت، بۆ نمونە لە یاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ساڵی 2014، هەر پارێزگایەکی بە بازنەیەکی هەڵبژاردن دەستنیشان کردووەو بۆ هەر پارێزگایەکیش ژمارەیەک کورسی دەستنیشان کردووە.

2- <u>پێوەری کارگێڕی</u>: واتە لەبەرچاوگرتنی یەکەی کارگێڕی بۆ دەستنیشانکردنی سنوری بازنەی هەڵبژاردن، ئیتر ئەو سنورە شارەوانی شار بێت یان سنوری یەکەی کارگێڕی، نمونەی قەزاو ناحیەکان، یاخود تەنانەت سنوری گەڕەکیش بێت.

3- پێـوەری دانیشـتوان: قەبـارەی دانیشـتوان یەکێکـە لـە گرنگترین پێوەرەکانـی دەستنیشـانکردنی سـنوری بازنـەی هەڵبـژاردن، چونکـە هـەر ئەندامێکـی پارلەمـان نوێنەرایەتـی ژمارەیەکـی دیاریکـراوی دانیشـتوان دەکات، زۆر جـار ژمـارەی کورسـییەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن هاوسـەنگە لەگـەڵ ژمـارەی دانیشـتوانەکەی.

## بازنەی هەڵبژاردنو کێشەکانی

لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا هەمیشـە سـنوری بازنـەی هەڵبـژاردنو ژمـارەی کورسـییەکانی هـەر بازنەیـەک، هەسـتیارترین خاڵـی یاسـای هەڵبژاردنـە. دوو جـۆر سـاختەکاری ناسـراو، لـە چۆنێتـی دەستنیشـانکردنی سـنوری بازنـەی هەڵبـژاردنو ژمـارەی کورسـییەکاندا هەیـە:

### یەکەم: مالاپۆرشنمێنت (Malapportionment):

دیـاردەی مالاپۆرشـنمێنت بریتییـە لە»نادادپـەروەری لەدەستنیشـانکردنی ژمـارەی کورسـییەکان لەبازنەکانـی هەڵبژاردنـدا، ئەویـش لـە رێگـەی یاریکـردن بەژمـارەی دەنگـدەران یـان دانیشـتوانی بازنەکانـی هەڵبژاردنەوەیـە، بەمەبەسـتی لایەنگیـری بـۆ پارتێـک یـان لایەنێکـی دەسـەڵاتدار».

لـەو وڵاتانـەی کـە حکومـەت سەرپەرشـتی هەڵبـژاردن دەکات، یـان پارتـی زۆرینـە دەسـەڵاتی دەستنیشـانکردنی ژمـارەی کورسـییەکانی هەیـە، دادپەروەرییەکـی تـەواو لەدابەشـکردنی کورسـییەکاندا پەیـڕەو ناکـەن، بـۆ نموونـە لەچەندیـن خولـی هەڵبژاردنـی وڵاتانـی کوەیـتو میسـرو ئـوردون، ئـەم حاڵەتـە روویـداوە.

دیاریکردنـی سـنووری بازنەکانی هەڵبـژاردنو ژمارەی کورسـییەکانی هەر بازنەیـەک لەسـەر بنەمـای ژمـارەی دەنگدەرانـی بازنـەکان لـە گرنگترین ئـەو گرفتانـەن کەدێنـە رێـی یاسـاو سیسـتمەکانی تایبـەت بـە هەڵبـژاردن.

یاسادانەران‌و سیاسەتمەدارانی وڵات ئەم پرسە بەگرنگترین لایەنی تایبەت بەیاسای هەڵبژاردنەکان‌و بەهێزترین فاکتەری کاریگەر لەسەر ئەنجامەکانی دەزانن چونکە راستەوخۆ کار دەکاتە سەر قەبارەو رێژەی دەنگی لایەنە رکابەرەکان، لەوێشەوە بۆ سەر ژمارەی کورسییەکان‌و سەنگو قورسایی سیاسی هێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی.

## دووەم: جیریماندەرینگ (Gerrymandering)

واتا دەستکاریکردنی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن بەمەبەستی لایەنگری بۆ پارتێکی سیاسی دیاریکراو، کە بەدەنگێکی کەم دەتوانێت کورسیەکی زیاتر لە سەنگی دەنگەکانی بباتەوە. بەناوی حاکمی ولایەتی ماسۆشوستی ئەمریکاوە ناونراوە (ئەلبێرت جێری) کە لە ساڵی 1812 یاسایەکی دەرکرد بۆ سەرلەنوێ دیاریکردنی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتەکەی، بەشێوەیەک کە لایەنگیری بۆ هەر دوو پارتە لایەنگرەکەی خۆی بکات (دیموکراتی‌و کۆماری) دژی پارتی فیدراڵیزم.

پارتی فیدراڵیزم توانی (51766 دەنگ) بەدەستبهێنێت، بەڵام بەهۆی دەستکاریکردنی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردنەوە تەنها 11 کورسی بردەوە! لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی‌و کۆماری بەهەردوکیان (50164 دەنگ)یان بەدەستهێنا کەچی 29 کورسیان بردەوە.

لەکاتی دارشتن‌و نەخشەکێشانی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردندا ، کە زۆرجار لەماوەی (5 بۆ 10 ) ساڵدا جارێک ئەنجامدەدرێت، دەستکاری سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن دەکرێت، بەشێوەیەک کەدەنگەکانی هێزی بە ئامانجکراو پەرت بکرێت‌و لەبازنە هاوسنورەکان نەگاتە ئاستی بردنەوەی کورسی. لەبەرامبەردا لایەنەکەی تر کورسیەکە بە جیاوازیەکی کەم بباتەوە، لەکاتێکدا پارتی بە ئامانجکراو، لە چەند بازنەیەکی کەمداو بە جیاوازی دەنگێکی زۆر، کورسی ئەو چەند بازنەیە دەباتەوە.

| دابەشبوونی سیستمەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتان و هەرێمەکانی جیهاندا | | |
|---|---|---|
| ز | وڵاتانی جیهان | سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان |
| 1 | ئەریتریا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 2 | ئەرجەنتین | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 3 | ئەرمینیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 4 | ئەروبا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 5 | ئەسیوبیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 6 | ئەفغانستان | تاک دەنگی نەگوێزراوە (SN-TV) |
| 7 | ئەلبانیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 8 | ئەلجیریا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 9 | ئەڵمانیا | سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو (MMP) |
| 10 | ئەندەنوسیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 11 | ئەندۆرا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 12 | ئەنگۆلا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 13 | ئەنگویلا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 14 | ئەنتیگواو باربۆدا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 15 | ئەنتێلی هۆڵەندی / دورگەکان | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 16 | ئازەربایجان | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 17 | ئیتالیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 18 | ئیستۆنیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 19 | ئیسپانیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 20 | ئیسلاند | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 21 | ئیسرائیل | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 22 | ئیل ئۆف / دورگە | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 23 | ئێران | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 24 | ئێرلەندە | تاک دەنگی گوێزراوە (STV) |
| 25 | ئێکوادۆر | هیچ زانیارییەکی لەبارەوە نییە |
| 26 | ئوستralia | دەنگی ئەڵتەرناتیڤ |
| 27 | ئۆردون | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 28 | ئۆرۆگوای | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |

| | | |
|---|---|---|
| 29 | ئۆزبەکستان | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 30 | ئۆگەندە | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 31 | ئۆکرانیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 32 | ئیماراتی عەرەبی | دەنگی قەوارە (BV) |
| 33 | باشوری ئەفریقیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 34 | باشوری سو | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 35 | بەهاما/ دورگەکان | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 36 | بەحرەین | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 37 | بەنگلادیش | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 38 | بەربادۆس | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 39 | بیلاروسیا | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 40 | بەلجیکا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 41 | بلیز | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 42 | بەنین | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 43 | بەرمۆدا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 44 | بەرازیل | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 45 | بەریتانیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 46 | برۆنای دارولسەلام | هیچ پیادەناکرێت |
| 47 | بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 48 | بۆتسوانا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 49 | بوتان | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 50 | بولگاریا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 51 | بۆرکینا فاسۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 52 | بۆرما (میانمار) | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 53 | بۆرۆندی | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 54 | پۆلیڤیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 55 | پۆلەندە | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 56 | پورتوگال | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 57 | پاکستان | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 58 | پالاو | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |

| | | |
|---|---|---|
| 59 | پاناما | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 60 | پاپوای غینیای نوێ | دەنگی ئەڵتەرناتیڤ (AV) |
| 61 | پاراگوای | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 62 | پیتکارم/ دورگەکان | دەنگی قەوارە (BV) |
| 63 | پیرۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 64 | تەیموری خۆرهەڵات | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 65 | تاجیکستان | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 66 | تایلاند | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب(Paralell) |
| 67 | تایوان | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 68 | تۆگۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 69 | تۆنگا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 70 | ترینیدادو نۆباگۆ | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 71 | تونس | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 72 | تورکیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 73 | تورکمانستان | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 74 | جبل طارق ( Gibraltar) | سیستمی دەنگی سنوردار (LV) |
| 75 | جۆرجیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 76 | جامایکا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 77 | جیبۆتی | سیستمی دەنگی قەوارەی پارتی سیاسی (PBV) |
| 78 | چاد | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 79 | چیک/ کۆماری چیک | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 80 | دانیمارک | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 81 | دۆمینیکا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 82 | دۆمینیکا/ کۆماری دۆمینیکا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 83 | رۆمانیا | سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو (MMP) |
| 84 | روسیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 85 | رواندا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 86 | زامبیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 87 | زیمبابۆی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 88 | ژاپۆن | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |

| | | |
|---|---|---|
| 89 | ژێرسەی | دەنگی قەوارە (BV) |
| 99 | سەنگافورە | دەنگی قەوارەی پارتی سیاسی (PBV) |
| 91 | ساموای ئەمریکی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 92 |ساینت هێلینا | دەنگی قەوارە (BV) |
| 93 |ساینت کیتس و هێڤس | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 94 | ساینت لوسیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 95 | ساموای ئەمریکی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 96 | سان مارینۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 97 | ساو تۆم و پرینسپ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 98 | سعودیە | هیچ پیادەناکرێت |
| 99 | سینیگال | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 100 | سربیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 101 | سیرالیۆن | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 102 | سلۆڤاکیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 103 | سلۆڤانیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 104 | دورگەکانی سۆلۆمۆن | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 105 | سۆمالیا | هیچ پیادەناکرێت |
| 106 | سریلانکا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 107 | سودان | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 108 | سورینامە | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 109 | سوازیلاند | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 110 | سوید | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 111 | سویسرا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 112 | سوریا | دەنگی قەوارە (BV) |
| 113 | سلڤادۆر | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 114 | شاینت ڤینسنت و گریناندس | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 115 | عوممان | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 116 | عێراق | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 117 | فلیپین | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 118 | فەلەستین | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |

| | | |
|---|---|---|
| 119 | فارۆ/ دورگەکانی فارۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 120 | فیجی | دەنگی ئەڵتەرناتیڤ (AV) |
| 121 | فینلەندە | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 122 | فەڕەنسا | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 123 | فۆکلاند/ دورگەکانی فۆکلاند | دەنگی قەوارە (BV) |
| 124 | فەنزویلا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 125 | ڤانواتو | تاک دەنگی نەگوێزراوە (SN-TV) |
| 126 | ڤێتنام | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 127 | ڤیرگنس (بەریتانیا)/ دورگەکان | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 128 | قوبرس | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 129 | قوبرس (باکور) | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 130 | قیرغیزستان | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 131 | کەمبۆدیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 132 | کەنەدا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 133 | کامیرۆن | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 134 | کیپ ڤێردای | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 135 | کایمان/ دورگەکانی کایمان | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 136 | کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 137 | کۆلۆمبیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 138 | کۆنگۆی دیموکراتی (کینشاسا) | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 139 | کووک/ دورگەکانی کووک | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 140 | کۆستاریکا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 141 | کۆت دیڤوار | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 142 | کرواتیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 143 | کوبا | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 144 | کینیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 145 | کینیا- بیساو | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 146 | کینیای ئیستوائی | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 147 | کینیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 148 | کریباتی | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |

| | | |
|---|---|---|
| 149 | کۆریای باکور | دەنگی ئەڵتەرناتیڤ (AV) |
| 150 | کۆریای باشور | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (MMP) |
| 151 | کۆسۆڤۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 152 | کوەیت | تاک دەنگی نەگوێزراوە (SN-TV) |
| 153 | کۆماری لاوی دیموکراتی میللی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 154 | گابۆن | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 155 | گامبیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 156 | گانا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 157 | گرینلاند | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 158 | گرینادا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 159 | گواتیمالا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 160 | گوێرنسی | دەنگی قەوارە (BV) |
| 161 | گویانا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 162 | لاتڤیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 163 | لوبنان | دەنگی قەوارە (BV) |
| 164 | لیسۆتۆ | سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو (MMP) |
| 165 | لیبریا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 166 | لیبیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 167 | لیگنشتاین | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 168 | لیتوانیا | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 169 | لۆکسمبۆرگ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 170 | مەدەغەشقەر | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 171 | مالاوی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 172 | مالیزیا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 173 |ماڵدیڤس | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 174 | مالی | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 175 | ماڵتا | تاک دەنگی گوێزراوە (STV) |
| 176 | دورگەکانی باکوری ماریانا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 177 | دورگەکانی مارشال | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 178 | مۆریشیۆس | دەنگی قەوارە (BV) |

| | | |
|---|---|---|
| 179 | مەکسیک | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 180 | میکدۆنیسیا/ ولایەتی فیدرالی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 181 | مۆڵدۆڤا/ کۆمار | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 182 | مۆناکۆ | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 183 | مەنگۆلیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 184 | مۆنتینیگرۆ | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 185 | مۆنتسرات | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 186 | مەغریب | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 187 | مۆزەمبیق | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 188 | میسر | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 189 | نەمسا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 190 | نەرویج | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 191 | نامیبیا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 192 | ناورۆ | سیستمی بۆردا (Borda) |
| 193 | نایجیر | سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب (Paralell) |
| 194 | نایجیریا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 195 | نیوزیلەندە | سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو (MMP) |
| 196 | نیکاراگوا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 197 | نیوی | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 198 | هایتی | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 199 | هەنگاریا | سیستمی هاورێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو (MMP) |
| 200 | هەرێمی کوردستان-عێراق | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 201 | هۆڵەندا | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 202 | هندۆراس | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |
| 203 | هندستان | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 204 | والیس و فوتونا | سیستمی زۆرینەی رەها / دوو خولی |
| 205 | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 206 | یەمەن | سیستمی زۆرینە / براوەی یەکەم (FPTP) |
| 207 | یۆنان | لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی (List PR) |


دابەشبوونی جۆری سیستەمەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتانی جیهاندا
0
10
20
30
40
50
60
70
80
90
5
31
4
9
14
53
79
2
سیستەمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاو MMP
سیستەمی تێکەڵاوی هاوتەریب
دەنگی ئەڵتەرناتیڤ AV
دەنگی قەوارە BV
سیستەمی دوو خولی TRS
سیستەمی زۆرینە / براوەی یەکەم FPTP
لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی List PR
تاك دەنگی گوێزراوە STV

# سەرچاوەکان:

(1) المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، الديمقراطية في العالم العربي، منشورات المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، بيروت، 2004.
(2) جاسم كرم وجاسم العلي، تحديد الدوائر الانتخابية لدولة الكويت باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، الكويت، 1999.
(3) احمد الدين وآخرون، النزاهة في الانتخابات البرلمانية، المنظمة العربية لمكافحة الفساد ومركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2008.
(4) عدنان عويد، الديمقراطية بين الفكر والممارسة، التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2006.
(5) اندرو رينولدز والآخرون،أنواع النظم الانتخابية، ت: كرستنا خوشابا بتو، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ط1، اربيل، 2007.
(6) جاي س جودوين ـ جيل، الانتخابات الحرة والنزيهة، ترجمة: احمد منيب و فايزة حكيم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 2004.
(7) فتحية احمد الزعبي، الانتخابات آلية الديمقراطية، مركز الدراسات البرلمانية (داميا)، عمان، 2004.
(8) عبدالفتاح ماضي، الانتخابات والديمقراطية، المجلة العربية للعلوم السياسية، العدد 16، خريف 2007.
(9) محمد كاظم المشهداني، النظم السياسية، العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة، 2007.
(10) عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية، منشأة المعارف، الإسكندرية،ط4، 2002.
(1) محمد سليم محمد غزوي، الوجيز في نظام الانتخاب، دار وائل للنشر، ط1، عمان، 2000.
(12) حازم ألبدري وآخرون، الموسوعة الميسرة في النظم الانتخابية، كراس قدم لطاقم تدريب موظفي المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، عمان، 2008.
(13) شاكر ظاهر فرحان الزيدي، جغرافية الانتخابات البرلمانية في العراق، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2007.
(14) عبدالجليل عبدالفتاح الصوفي، جغرافية الانتخابات في اليمن، اطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة بغداد، 2002.
(15) کتێبی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان - 19ی مایسی 1992 (ئەزموونێکی دیموکراسیانە)- ئامادەکردنی رۆد هۆف و میخیل لیزینبێرگ و پیتەر مۆلەر - صفوت رشید صدقی لەئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە- لەبڵاوکراوەکانی لیژنەی سلێمانی مافی مرۆڤ

لەکوردســتان، 2103.

(16) ڤیـان مجیـد، سیسـتەمەکانی هەڵبـژاردن وپرەنسـیپەکانی دەنگـدان، بڵاوکراوەکانـی مەکتەبـی بیروهۆشـیاری، سـلێمانی، 2004.

(17) فريـدة غـلام اسـماعيل، النظـم الانتخابيـة، التبعـات والاعتبـارات الخاصـة، عـن موقـع بوابـة المـرأة:

http://www.womengateway.com/NR/exeres/77388B3F-D3E4-40A3-B790-8ED7E3BB3AE3.htm

(18) بڕوانە سایتی:

http://www.localcouncils.govt.nz/lgip.nsf/wpg_url//About-Local-Government-Participate-in-Local-Government-All-about-STV-and-FPTP

(19) سـوود لـەو پێگـە ئەلەکترۆنیانـە وەرگیـراوە کـە بەزمـانی ئینگلیزیـن و تایبەتمەنـدن لەبـواری هەڵبژاردنـدا، لەوانـەش وەک: (ACE project)، (IFES)، (IDEA).

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیەو کاردەکات لەپێناو ئاوێتەکردنی چەمکی
هەڵبژاردن بەشێوازەکانی تری بەشداری سیاسی لەپێناو هۆشیارکردنەوەی
هاوڵاتیانی کوردستان بەبنەماو پرەنسیپەکانی دیموکراسی.
پەیمانگە لە ناوەڕاستی ساڵی 2002 لەلایەن ژمارەیەک پارێزەرەوە
لە شاری سلێمانی دامەزرێندراوە.


**Kurdish Institute for Elections-KIE**

**E-mail: info@kie-ngo.org, aram.jamal@kie-ngo.org**

**Mobile: 07701573210**

**Office Tel: 053 3187111**

**Address: Iraq- Sulaimany, Bakhtiary , Hakary street No113, House No 44**

**www.kie-ngo.org**